ژماره‌ی ۳ **هانا** مانگی ٦ی ۱۹۹٦

## ناوه‌روک


۱ـ سه رکوت کردن و ئازاردانی منال \ شه هلا ........................................ ۲

۲ـ ژورنالیزم و ده نگی راستی \ هیوا عزیزی ........................................ ۴

۳ـ ریحانه، کریکاری کویله \ ته رجه مه : له یلا قانعی ........................................ ۷

۴ـ سه رنجیک له « ژن له پاکه تی پوست دا» \ ریبوار ........................................ ۱۲

۵ـ ئازادی تاکه ئینسان و هه لپه رکیی سوونه تی کوردی \ سلیمان قاسمیانی (کاکه) ........................................ ۱۳

٦ـ ماته م مه گرن، یه ک گرن ( یادی جو هیل) \ یوسف ره سولی ........................................ ۱٦

۷ـ شیعر:

تیدلوند . بنکت ئیریک هیدین . جو هیل . چیمه ن . عبدالقادر سعید .

لاله ی هه ژار . عه بدول حسین . شوان محمد . حه مه عه لی حه سه ن . ئاسو ........................................ ۱۹

۸ـ تو کوینده ری کریکار؟ \ دیتتی سیدریتراند ........................................ ۳۲

۹ـ دی موو کرا تی ! \ که ریم که مال عبدالله ........................................ ۳۷

۱۰ـ گه رانه وه بو سه ر کار \ م . والکر \ ته رجه مه: فه ره یدون نازری ........................................ ۴۰

۱۱ـ کاریکاتیر \ ریناس ........................................ ۴۳

۱۲ـ راپورتی فستیوالی ئه یار ........................................ ۴۴


***

# سەرکوت کردن و ئازاردانی منال

شەهلا

هە مووو کە سیک بە ئازادی لە دایک دە بی، بە لام هە ر لە یە کە م ساتی ژیانە وە دە ور و بە ر بە چە ندە ها نورم و یاسا، ئە و ئازادی یە سنووردار دە کات.

بە رهە لست کردنی ئە و یاسا و نورمانە دە بیتە هوی هینانە دی سە رکوت کردن. سە رکوت و ئازاردانی منال دزیوترین شیوازی بە دکاری مروڤە، کە هە موو روژی لە جیهان دا بە چاو دە بیندری و بە گوی دە بیسری. تە نانە ت لە زور وولاتی خو بە دیموکرات زان و منال پە رست، ئە م کارە دووپات دە کریتە وە.

لە سوید دا کە یە کیکە لە و وولاتانە پە یمانی «نە تە وە یە کگرتووە کان »ی دە ربار ە ی مافی منال ئیمزا کردووە، هە موو ساتی بە ئاشکرا ئازاردانی منال هەست پیدەکری لە لیدان و دەستدریژ کردن و لی سەندنەوەی کارگوزاری و دەسکەوتەمیژوویەکانی و رەچاو نەکردنی کەمترین مەرجەکانی بەرهەم و پاراستنی پرنسیپی سروشت و کاری راستە وخوی بو سە ر تە ندوروستی منال؛ لە هە موو زیاتر گرتن و بارمتە کردنی منال لە لایە ن پولیس و بە ندیخانە، لە کاتی رە ت دانە وە ی خیزانی پە نابە رە کان.

منال مە خلووقیکی بی هیز و بی دە سە لاتە و هە ر لە ساتی هاتنە ژیانیە وە، بو بە ردە وامی ژیانی، پشت بە یە کیکی تر دەبەستی. دیارە منال تەنها داواکاری خواردن و جل و بەرگ و خاوینی لە دایک و باوکی نیە؛ بە لکوو گە رمی و خوشە ویستی و نزیکی و بە رپرسیاری، رولیکی گرنگی هە یە لە ژیانی دا.

بە داخەوە هەموو منالیک لەو خوشەویستی و دلنیاییو سوزەدا ناژی؛ چونکە خیزان یەکەیەکی لە کومەلدا دوورە پە ریز نیە . هە ر بویە سیستە م و شیوازی ژیانی کومە لگا، راستە وخو کاری بە سە ر پە روەردە ی منالە وە هە یە .

بە هوی باری نالە باری گشتی کومە ل و تایبە تی خیزانە وە، منال دووچاری دە ردە سە ری و ئازار دە بی. لە ئە نجام دا لە بری خوشە ویستی و تە بایی، رک و کینە و دوور کە وتنە وە فیر دە بی؛ لە بری دلنیایی و ئارامی، ترس و هە لچوون و لە جیاتی بروا و نزیک بوونە وە ، رارایی و نامویی لا دروست دە بی.

پە یوە ندی خیزانی کە منال هە ر لە کورپە بییە وە تییدا دە ژی، کاریکی راستە وخوی هە یە بو سە ر ژیانی. گیر و گرفت و نارە حە تیە کانی خیزان، زور بە ئاسانی لە منال دا رە نگ دە داتە وە. دایک و باوکیکی خاوەن گیروگرفت، ناتوانن وە لامی پیویستیە کانی منال بدە نە وە، چونکە ئە وانیش وە کوو هە موو مروڤیکی تر توانایان دیاری کراوە و بە تە واوی بە هە موو لایە نە کانی ژیان دا راناگە ن و بە م جورە لە کات و خوشە ویستی منال کە م دە بیتە وە . منال و دایک و باوک لە یە کتر دوور دە کە نە وە لە هە مان کات دا، وە لام دانە وە ی پیویستیە کانی منال بە کە م وکورتی و رە نگە بە شیوە یە کی هە لە ش بدریتە وە .

منال گە ر داواکاریی یە ک، پیشنیاریک، رازیکی هە بی، ناتوانی و نازانی پە یامە کە ی وە کو کە سیکی گە ورە بگە یە نی و هە ستە کانی دە ربری؛ بویە لە شیوە ی گروزی و توورە یی و هە لگە رانە وە و دە ست وە شاندن لە کە سانی لە خوبچووکتر، هوگر بوون بە شتیک یا کەسیکیترەوە بو پر کردنەوەی ئەو بوشاییەیە کە لە ژیانی دایە، دەردەکەویت. ئەم پروسیسە، واتە داواکاری و وە لام دانە وە ی منال و خیزان وە ک جوولان وایە لە بازنە یە ک دا، کە هە رگیز کوتایی نایە ت مە گە ر بە کردنە وە ی دە رفە تیک لە بازنە کە دا.

بیجگە لە نالەباری پەیوەندی خیزان، نالەباری سیستەمی کومەلایەتی و ئابووری کومەلگاش زور گرنگە بو پە روە ردە کردنی منال. دانە نانی گرنگی بو بوونی منال و دواروژی لە کومە ل دا، ریز نە گرتن لە کە سایە تی و نرخ دانە نان بوی، ئە مانە هە موو منال تووشی نادلنیایی و بروا بە خو نە بوون و ترس دە کات.

لە ولاتانی زور دواکەوتوو و کونەپەرست، وەکوو ولاتی لای خومان کە ئاسایی‌ترین مافی مروڤ پیشیل کراوە، هە میشە منال نرخی شکستیە کانی کومە ل دە دات. کاتی گە ورە ی خیزان نە مینی، منال لیپرسراو دە بی؛ کاتی ولات دووچاری ئافات و کارە سات دە بی، منال ئە فە وتی؛ کاتی ئاگری شە ر لە ولات دا هە لدە گیرسی، منال لە خیزان دادە بری و پە رە وازە دە بی؛ کاتی بیکاری بی، منال بی شیر و خواردن و خزمە ت دە بی. کاتیک دە سە لاتدارانی رژیم پیویستیان بە پیاهەلدان بی، منال ئەبی درو بکات؛ کاتیک دایک و باوکیش هە لگری بیر و بوچوونیکی دژ بە داب و نە ریتی باوی کومە ل بن، هە ر منالە کە نرخی گرانی ئە و وە زعە دە دات. لە کاتی نە هاتنە وە ی خواستە کانی گە ورە و منال دا، زور ئاسایی یە کە منال ئازار بدریت.

منال وە کوو ئاوینە یە ک وینە ی خیزان و کومە لی تیدا بە دی دە کری. زور ئاسایی یە کە منال کاردانە وە ی خراپی هە بی بو شاردنە وە ی ئازار و ترس و نارە حە تیە کانی؛ جا یان هیز بە کار دینی و دە ست دریژ دە کاتە سە ر مافی کە سانی لە خوی بی هیزتر(هە ر وە کو چون بە رامبە ر بە خوی بە کار هینراوە) چونکە وا فیر بووە کە ریگە ی راست بو گە یشتن بە داواکانی ئە وە یە. لە م کاتە دا منال دە بیتە کە سیکی نالە بار و خاوە ن گیروگرفت لە روانگە ی کومەل دا.

بە لام هە ندیک منال بە پیچە وانە، هە لس و کە وت و رە فتاری هیمن و لە سە رە خو دە بی و هە موو ئازار و هە ستە کانی ئە خاتە ناو دە روونی؛ هە میشە خوی دە خواتە وە و تووشی چە ندە ها نە خوشی دە روونی دی. جا لە هە ر دوو بارە کە دا منال پیویستی بە هاوکاری دلسوزانە ی گە ورە هە یە ؛ پیویستی بە هاورییە کە کە دە رگای خوشە ویستی و بروای لی بخاتە سە ر پشت، گویی لی بگری و ریز بو قسە کان و نرخ بو بوون و گیروگرفتە کانی دابنی. ئە م ئە رکە ش تە نها بە خیزان سە رە نجام نادریت، بە لکوو بە شی گە ورە ی ئە م کارە لە سە ر ئە ستوی کومە لە، دە نا هە رگیز دواروژ بە رهە م نایە ت.

منال ئە بی وە کوو مروڤ سە یر بکریت؛ مافە انی پی رە وا ببینری؛ پیوستیە کانی دابین بکریت؛ کارگوزاریە کانی زیاد بکریت و فیری هاوکاری و خوشە ویستی و ئاشتی بکریت. ئە م داواکاری و مافانە لە یە ک سات دا نایە تە دی، بە لکوو پیویستی بە خەباتیکی بی ووچانە و گورانی پەیکەری کومەلگای کونەپەرست و دارزیوی چەوسانەوەیە. تەنها ئازادی یە کە بنبری هە موو ئازاریکە .

❊❊❊

# ژورنالیزم و دەنگی راستی

هیوا عزیزی

ئە ورو لە ئاخر و ئوخری سە دە ی بیستە م دا چکولە ترین رووداویش دە توانی لە ماوە یە کی کورت دا بە هە موو کە لین و قوژبنیکی دنیا بگات و زوربە ی خە لکی لی ئاگادار بی . رادیو، تە لویزیون ، روژنامە و کامپیوتیر، هە ر یە کە ی بە شیوە یە ک خە ریکی بلاوکردنە ە ی ئە و رووداوانە ن کە کاربە دە ستان پییان باشە خوینە ر، بینە ر و گویگر لیی ئاگادار بی. ژورنالیستە کان ئە ورو ئاگایان لە هە موو شتیک هە یە ؛ لە چاوی میروو بگرە تا لاقی مار دە بینن. بە کورتی ئاگایان لە ورد و درشت، لە چاو پیکە وتنی شازادە ی ئیران لە گە ل سە روک کوماری ئە مریکا لە رە ستوورانیکە وە بگرە تا دە گاتە راکردنی زاوا و کچە کانی سە ددام، کونسیرتی مایکل جە کسون و...

زوربەی ئەم ژورنالیستە مەئموورانە، ئەرکی سەرشانیان ئەوەندە "بە باشی و لیهاتوویی ئە نجام دە دە ن" کە ئینسان هیلنجی دیتی و خە ریک دە بی برشیتە وە. چاو لە شە ری کە نداو (خە لیجی فارس) کە ن؛ تە واوی رادیو و تە لویزیون و روژنامە کان باسیان لە قارە مانیە تی و لیهاتوویی سپای روژئاوا دە کرد. هە ر دە تگوت ئە و سپایە خە ریکی بە رد هارینە و سیلاحەکانی نویی ولاتانی روژئاوا نەک لە سەر ئینسان بەلکوو لە سەرد بەرد بە تاقی دە کرینە وە. بویە دە لیم بەرد، چونکە ئەگەر گیانلەبەریکی دیکەی غەیری ئینسانیان کوشتبا، یان دار و درە ختیان سووتاندبا، لانی کە م هیندیک ژورنالیست لە سە ر حە یوان و ئاژە ل وە دە نگ دە هاتن، یان هاواریان دە کرد کە فە زای سە وزمان نە ما! هە روە ک زوریان ئاە و نالە کرد لە سە ر ئە وە ی کە نە وت رژاوە تە نیو دە ریا و زور بالدار و ماسی کوشتوە. لە بە ر چاوی ئە و ژورنالیستانە بە شە ر بە ئە ندازە ی بالدار و دار و درە خت ئە رزشی نیە؛ بە تایبە ت ئە گە ر ئە و ئینسانانە خە لکی ولاتانی «دنیای سیهە م» بن و خوای نە خواستە بە شیوە یە ک « بە ردیان بە مالی کابە دا دابی» و بە جوریک دژایە تیان لە گە ل بەرژەوەندیەکانی روژئاوا دا کردبی.(دیارە من پیم وانیە کە دەولەتی ئیراق دژایەتی تایبەتی و بنەرەتی لە گەل بە رژە وە ندی ولاتانی روژئاوا دا هە بووبی. لە دوایی دا بە تایبە تی باسی ئیراق و روژئاوا دە کەم.)

ئەگەر ئینسان چاویک بە سەر میژووی ژورنالیزمدا بخشینی، دەبینی کە لە هەموو دەورەیەکدا روژنامەگەر و روژنامەنووسی وا هەبون کە تیکوشاون راستي رووداوەکان بەو جورەی کە بووە بە ئاگاداری خەلک بگەیینن و زوریشیان لەو ریگایەدا گیانیان بەخت کردووە. تەبیعی یە کە بەشەریەتی پیشرەو ئەورو شانازی بەو تیکوشەرانە دە کات کە سە رە رای مە ترسی لە دە ست دانی گیانیان و بە ئیمکاناتیکی زور کە مە وە، کولیان لە ئە رکی ئینسانی خویان نە دا. ئایا ژورنالیستە کانی ئە مروش جیگە ی شانازی مروڤایە تین؟ بی ئە م لا و ئەولا، ولامە کە نایە و بە بروای من میژووی ژورنالیسم لە و چە ند سالە ی دوایی دا میژوویە کی بە گشتی رە ش و دژی ئینسانی یە .

ئیستا با چاویک بە سەر ئەو دەورەدا بگیرین کە هیشتا دەولەتی ئیراق نەکەوتبووە دژایەتی لە گەل ولاتانی روژئاوا. ولاتانی روژئاوا لە و سە ردە مە دا مانە وە ی ئیراقیان وە ک ولاتیکی بە هیز لە ناوچە کە دا بە قازانج بوو، بە تایبەت لە موقابیل ئیراندا. ئەو دەم دژی جەنایەتەکانی سەددام دەنگیان لیوە نەدەهات و بە دل و گیان خە ریکی موعامە لە و سە ودا و تە یار کردنی بوون لە هە موو بابە تیکە وە. کام ولاتە زور ئیدديعای ئازادیخوازی دە کرد، چەکی شیمیایی و مووشەک و تەیارەی پی دەفروشت. ژورنالیسمی مەئموریش لەو سەردەمەدا بیدەنگ بوو و باسیکی ئە تو لە خراپی دە ولە تی ئیراق و سە ددام نە بوو.

دو سال به ر لـه شه ری _ گه رده لوولی بیابان _ که نداو (خلیج فارس) له سه رده می شه ری ئیران و ئیراق، ده وله تی ئیراق شاری هه لـه بجه ی بومبارانی شیمیایی کرد که له ئاکامی ئه م جه نه یاته درندانه یه دا نزیکه ی ۵۰۰۰ که س له پیر و لاو و مندال کوژران و لـه‌وه‌ش زیاتر بریندار بوون. خه‌لکی ئه‌و شاره هه‌ر ئه و به لایه یان به سه ر هات که ئه مریکا له شه ری دووهه می جیهانی دا به سه ر خه لکی شاری هیروشیمای ژاپونی هینا که ئیستاش ئاسه واری له سه ر گیان و ژیانی خه‌لک ماوه‌ته‌وه. ژورنالیسمی خوفروش ئه‌و ده‌م کاتی ئه‌وه‌ی نه‌بوو بنووسی و لیی بکولیته‌وه که که ره سه ی جه نگی عیراق له کوی وه هاتووه و یاریده ده ره کانی به هیزی ئه م ده وله ته جه نایه تکاره کین. خولاسه هه تا ده‌وله‌تی عیراق و سه‌ددام خه‌ریکی کوشتنی دانیشتوانی ئیراق به کورد و عه‌ره‌به‌وه بوون، هه‌ر به‌شی ئه‌وه‌نده‌یان ده گوت که له ره قابه ت له گه ل کومپانی و هه والده ره کانی دیکه دا وه رشکست نه بن، نه هیچی تر!

ده وله تی ئیراق دوای ته واو کردنی شه ر له گه ل ئیران، که سه رکه وتنیک بوو بو ئیراق، ده ستی کرد به باج وه رگرتن له ولاتانی عه ره ب و داوای به شیکی زیاتری له بازاری سه رمایه دا کرد؛ به تایبه ت که هه ولی‌دا وه ک سه روه ری ولاتانی عه ره بیش بناسریت. به لام ئه وانه له گه ل قازانج و به رژه وه ندی ولاتانی روژئاوا و به تایبه ت ئه مریکا، نه ده هاته وه.

بیجگه له مانه ئه م جموجوله ی عیراق له سه رده میک دا بوو که شه ری سارد به قازانجی « بازار» ته واو ببوو و روژئاوا سه رگه رمی جه ژن گرتنی سه رکه وتنی بازار بوو. داگیرکردنی کویت له لایه ن ئیراقه وه، هه لیکی زور باشی دایه ده س ئه مریکا که هه م ئیراق بنیته وه جیی خوی و هه م به دوستانی دوینیی خوی بسه لمینی که ده بی سه روکایه تی ئه و له « ده‌وری نویی جیهانی»دا قه‌بول بکه‌ن. ئه‌مجار ژورنالیسته‌کانیش که‌وتنه کوتانی ئیراق و سه ددام. ژورنالیستی وا هه بوو نه یده زانی سه ددام سه روکی چ ولاتیکیشه به لام هه ر له سه ری ده نووسی.

دیاره که هه ر چی له بابه ت جه نایه ت و کوشت و بری سه ددام و ده وله ته که ی بگوتری و بنوسری که مه. قسه ی من ئه وه یه که بوچی پیش ئه وه، ژورنالیسته کان ده میان به ستبوو. به بروای من روون و ئاشکرایه که ته واوی ئه و که سانه ی سه‌ر و کاریان له گه‌ل روژنامه و رادیو و ته‌لویزیون هه‌یه و کاری بو ده‌که‌ن و بوی ده نووسن، به رژه وه ندیان به به رژه وه ندی چینیکی کومه لایه تیه وه گری دراوه و راسته وخو و ناراسته وخو وه دوای قازانج و به رژه وه ندی خویان ده که ون و رووداوه‌کان به پیی بوچوونی چینایه‌تی خویان هه‌لده‌بژیرن و وه‌ری ده‌گیرن و بلاوی ده که نه وه . هه ر به پیی ئه م به رژه وه ند یه شه که سه ر له خه لک ده شیوینن و زه ینی خه لک بو لای ئه و شتانه ی که خویان پییان باش و ره وایه، راده کیشن .

هه والنیریکی ته له ویزیون ماوه یه ک له وه پیش له کاتی مانگرتنی گه وره ی ئه خیری کریکاران له فه رانسه ، له کابرایه کی فه رانسه یی پرسی:

_ ئه‌ری رای ئیوه سه‌باره‌ت به‌و مانگرتنه که ۷۰۰۰۰۰ که‌س به‌شداری تیدا کردووه، چیه ؟» کابرا زور عادی گوتی:

_ زورم پی باشه و ده بی وه ختیک ده وله ت له خه لک حالی نابی، خه لک به زور ده وله ت تیگه یینن.

هه والنیره که دووباره پرسی:

_ ئاخر نابینی قه تار نیه؛ نابینی سه فی ۱۰۰ کیلومتری ماشین پیک هاتووه؛ نابینی مندال ناتوانن بچنه وه مه دره سه؛ نابینی دوکتور و ده رمانگاکان باش کار ناکه ن؟

کابرا له ولامدا گوتی:

_ جا ده‌وله‌ت ئه‌گه‌ر ئه‌وانه‌ی پی باش نیه با زوو جوابی داخوازیه‌کانی خه‌لک بداته وه تا مانگرتووه کانیش به خه یالی راحه ت بگه رینه وه سه ر کار و کاری عادی خویان ده ست پی بکه نه وه. وه ختیک ده وله ت ده یهه وی قانوونیک به دژی خه لک دانی، لییان ناپرسی ئاخو ئه وان رایان چیه و چیان پی باشه؛ به لام وه ختیک خه لک ناره زایه تی خوی ده ربری ئه و جار کاربه ده ستانی ده وله ت تیده کوشن خه تایه که بخه نه سه ر ئه ستوی خه لک.

سه رنجیکی ئاسایی به سه ر روژنامه و رادیو و ته له ویزیون، بومان ده رده خا که ژورنالیسم و ده زگاکانی، قسه که ری ده سه لاتدارانی کومه لن. ئه وه ی باسی ده کری و بلاو ده کریته وه به شی هه ره زوری قسه ی دلی حاکمانی ئابووری و سیاسی و فه رهه نگی کومه له، نه ک قسه ی کریکاران و ئه و خه لکه ی که ده یانهه وی به ر به هیرشی هه مه لایه نه و دایمی ده سه لاتداران بو سه ر ژیان و ده سکه وته کانیان بگرن.

به راستی ئه و روژنامه و هه والده رانه چاره نوسیان وه ک چاره نوسی قه ل وایه. ئه وان ئه گەر ده لین و ده نووسن بو ئه وه یه که ده ستیان به سه رتر و سه روه ت و سامانی زورتر بگات؛ وه ک چون قه ل هه ر به دیتنی لا شه، که یفی خوش ده بی و ده خوینی، نه ک بو هیچ شتیکی تر.

ژورنالیزمی پیشکه وتنخواز هه وال و نوسراوه کانی ته رخان ده کا بو روون کردنه وه ی رووداوه کان و نووسینی راستیه کان.

ئه وان هه ول ده ده ن بو ئه وه ی که زه ینی خوینه ر و بینه ر دژی هه ر چه شنه جیاوازی یه ک له نیو کومه لی ئینسانی دا راکیشن. ئه م جوره ژورنالیستانه به داخه و ه که من و ئه ورو به زه حمه ت ده توانن ده نگیان به گویی جه ماوه ریکی گه وره بگه یینن.

دنیای ئه ورو زیاتر له هه موو سه رده مه کانی پیشوو مه یدانی مل ملانه ی نیوان چینه کانه. ئه وه له کاتیک دایه که زانیاری و تکنیک و به رهه م هینان به شیوه یه کی سه رسورهینه ر پیشره فتی کردووه. کامپیوتر وه کوو ئامرازیک هه م له مه یدانی به رهه م هینان و هه م له مه یدانی راحه ت کردنه وه ی په یوه ندی گرتنی به ینی ئینسانه کان له سه راسه ری دنیادا ، زوریک له سنووره کانی رابردووی تیک شکاندون. ئه و هه موو ئیمکاناته ی که کومه لی ئینسانی ئه ورو ده توانی که لکی لی وه رگری و به گشتی له ئاسایش و خوشی دا بژی، به داخه وه زوربه ی هه ره زوری به شه ریه ت لیی بی به شه و دژی ئه و به کار ده هینری. به لام پیشره فتی تکنیک و ئامرازی په یونده ی گرتن، لایه نیکی ترشی هه یه که جیگه ی باسه. فاکس و ئینترنیت ئه ورو ئیتر له هه موو گوشه یه کی دنیا جیگه ی کردووه ته و ه. ئه م مه سه له یه زور معادله ی سیاسی کونی تیک دا وه. به تایبه ت ده سه لاتدارانی ئه و وولاتانه ی که ئازادی سیاسی یان تیدا نیه ، مه جبوورن فکریکی تر به حالی خویان بکه ن. هیچ دیکتاتوریک، لانی که م ئه مرو، ناتوانی به ر به ناردنی هه وال و په یام له ریگه ی «فاکس» یا « ئینترنیت» له م ماله وه بو مالیکی تر یا له م سه ری دنیاوه بو ئه و سه ری دنیا بگری، مه گه ر ئه وه ی خه تی ته له فون به گشتی ببری یا هه رچی کامپیوته ره ورد وخاش بکات. هیچ ده وله تیک ناتوانی به ر له وه رگرتنی به رنامه ی جوراوجوری ته له ویزیونی بگری که له ریگه ی « ساتیلیته وه» بلاو ده بیته وه .

ئایا ئه م وه زعیه ته نابیته هوی ئه وه ی که ژورنالیسمی خوفروش، ئیتر نه توانی کلاو له سه ری خه لک بنی و راستی رووداوه کان بشاریته و ه؟ ته بیعه ته ن ئه و مه سه له له سه ر به عزه شتیک ته ئسیری ده بی. به لام موشکیله که به قووه تی خوی ده مینیته وه مادام که ده سه لاتی ئابووری و سیاسی و فه رهه نگی به ده س سه رمایه وه یه. چون خاوه نی کومپانیه کانی هه والنیری، سینه ما ، ده م و ده زگای فه رهه نگی و خوش گوزه رانی، نه ک جه ماو ری خه لک به لکو ئه و که سانه ن که خویان له به قای سیستمی ئینسان کوژی ئه ورودا سوودیان هه یه !

***

# ریحانە، کریکاری کویلەی ١٢ سالانە

ڕوژنامەی «یەکیەتی کریکارانی شارەداری» لە سوئد،

ژمارەی یەکەمی سالی ١٩٩۶.

تەرجەمە: لەیلا قانعی

ریحانە دەبی لە روژ دا دوازدە سەعات فەرش بچنی. ئەو هەرگیز نەچووەتە مەدرەسە. Wolfgang Schneider «ولفگانگ شنەیدر» کە لە سوید لە شاری «لیدشوپینگ» دەژی و وەک فەرراشی مەدرەسە کار دەکا، چووەتە پاکستان و لە گەل ریحانە چاوپیکەوتنیکی بووە. «ولفگانگ» باسی خەباتی ئازادیخوازانەی ئەاون دەکا و دەگیریتەوە:

« ئەو کورە قالیچنە ١٢ سالانەتان لە بیرتان ماوە کە ناوی ئیقبال بوو و بەهاری پار کوژرا؟ ئیقبال بە هوی خەباتی دژ بە کاری منالانی بە کویلەکراو، زور زوو لە دەرەوەی وولات ناوی دەرکرد. هەر بەو بونەوە بوو بە مایەی مەترسی بو سیستمەکە بە گشتی.»

ریحانە ئیستاش گیرودەی ئەو زولم و چەوسانەوەیە کە ئیقبال بو لە بەین بردنی تیدەکوشا. بە ریز لە بەرانبەر داری تەونەکەدا دادەنیشن. ریحانە ١٢ سالانەیە، خوشکەکەی شیلانە ١١ سال و راشیدەش ١٠ سالیەتی. دایک و باوک و براکانیشی لەو لاوە خەریکی کارکردنن. خیزانەکە تەنیا یەک دیویان هەیە وچوارچیوەی دارتەونەکەش هەر لەو دیوەدا بە قور هەلبەستراوە.

ئاواییەیە هەرگیز بی دەنگ نیە. خەلک قسە دەکەن، حەیوانەکان لە دەور و بەری مالەکەدا دەنگیان دی، کەلەشیریک دەقوولینی، بەلام دەنگی هیچ ماشینیک نایە. تەنانەت یەک دووچەرخەش ناکەویتە بەرچاو. کەسیک کە گویدریژیکی هەبی و چەرخیکی پی راکیشی، خوی بە خوشبەخت دەزانی. فازیلاوەکەیان لوولەکیشی نەکراوە و هەروا دەچیتە دەری و ئاوی خاوین بە زەحمەت دەس‌دەکەوی. هەر بەو بونەوەش سلامەتیان لە خەتەر دایە.

حەق دەستی روژانەی ریحانە و دایک و دوو خوشکەکانی بە یەکەوە دەبیتە ٧٠ روپیە. داهاتی خانەوادەکە لە ژیانیکی نەمر نەژی زیاتر نیە. بەم جورە ئەوان هەرگیز ناتوانن ئەو قەرزەی کە لە «ئیسلام» ی تاجریان وەرگرتووە، بدەنەوە. ئەم تاجرە ساحەبی دار تەونەکەیە. قەرزی خانوەادەی ریحانە ٨٠٠٠ روپیەیە.

## مندالانی زنجیر لەپی

دەچوون لە ژیر باری ئەو قەرزەدا، هەرگیز بو ئەو بنەمالە مومکین نیە و تا ئاخیری عومریان هەر دەبی خەریکی چنینی فەرش بن. بەم جورە هەم منالان و هەم گەورە سالەکان دەبنە کویلەی کاری مەزرا و کورەی خشتە و فەرش چنین یان رستورانەکان. کەسانیک هەن کە هیزی کاریان شەش مانگ یان تەنانەت سالیک پیشتر، دەفروشن. حەق‌دەستەکەی ئەوەندە کەمە کە نە تەنیا ناتوانن قەرزەکەیان بدەنەوە، بەلکو بە پیچەوانە قەرزەکە هەر زیاتر و

زیاتر دەبی و ئەگەر لە سەر کارەکەشەیان شتیک بشکینن یا کاریکی نادروست بکەن، ئەویش دەکریتە سەر قەرزەکە. بە پیی ئەم سیستمە و ئەم شیوە کارە، خانەوادەکان پشتا وپشت د ەبەسترینەوە بە خاوەنی زەوی یان خاوەنی ئامرازی بەرهەمهینان.
«ولفگانگ» باسی زەمینداریکی گەورە دەکا کە کریکارەکانی لە سەر کار، هەموو زنجیریان لە لاق کرابوو و زیندانیکی گەورەشی هەبوو بو سزادانی ئەو کریکارانەی خەتایەکیان کردبی. «ولفگانگ» لە ریحانە دەپرسی کە چ چاوەروانیەکی لە داهاتوو هەیە؟ جوابەکە روونە: « چەن سالیکی دیکە دەبی شوو بکا و بگوازیتەوە بو مالی خانەوادەی شووەکەی. لەوی دەبی کاری ناو مال و مندالداری بکا و فەرشیش بچنی. دوایەش کە بوو بە ساحەبی مندال، دەبی ئەانیش وەکوو خوی دانیشن لە بەرانبەر دارتەونەکە و فەرش بچنن. هەر چەن فەرش چنینی پی خوش نیە، بەلام ریگایەکی دیکەشی لە بەردەم نیە.

## ئاواتی مندالان

«ولفگانگ» بو ریحانە دەگیریتەوە کە کورەکەی ئەو بە ئاواتەوە ببیتە خەلەبان و فروکە لیخوری. ریحانە چ ئاواتیکی هەیە. ئاواتی هەرە گەورەی ریحانە ئەوەیە کە دەرس بخوینی و ببیتە دوکتور. بەلام ئەوە هەر وەک ئاواتیک دەمینیتەوە و بەس. ئاخر دایک و باوکەکان لە ترسی هەرەشەکانی «ئەسلام» ناویرن منالەکانیان بنیرینە مەدرەسە. منالانی پاکستان ئاواتی زور بەرزیان هەیە. ئەگەر بیت و ئاواتانە بەجی بگەن بە ئاشکرا دەبیتە هوی پیشکەوتوویی و بەرەوپیش چوونی وولاتەکەیان بە گشتی. بەلام کومەلگای ئەمرو بە هیچ جوریک ئیمکانی دەرباز بوون لەو سیستمەی کە لەوی لە ئارا دایە، بە ئەوان نادا.
عەلاقەی «ولفگانگ شنەیدر» سەبارەت بە مەسائیلی ئەنترناسیونالیستی لە کوتایی سالەکانی **۱۹۷۰** را، کاتی کە لە بەشی «مەدرەسەی لاوان»ی یەکیەتی کریکاران دا کاری دەکرد دەستی پیکرد. ئەو کاتە مەسەلەی گرینگرینگ ئەفریقای جنووبی و خەبات دژی «ئاپارتاید» بوو. تەنیا لەم سالانەی دواییدا بوو کە دەستی کرد بە تیکوشان سەبارەت بەو موشکیلاتەی کە لە پاکستان هەن. «ولفگانگ» یەکیکە لە هەلسوراوانی پروژەیەکی هاوبەشی ریکخراوی یەکیەتی کریکارانی سوئد و یەکیەتی کریکارانی شارەداریەکان لە شاری «لیدشوپینگ» بو پشتگیری لە «ریکخراوی رزیگاریخوازی کریکارانی کویلە لە پاکستان» (BLLF).
BLLF سەپەرشتی گەلیک مەدرەسە دەکا. لەو مەدرەسانەدا روژانە منالان و شەوانەش گەورەسالان، دەرس دەخوینن. ئەم ریکخراوە هەروها خەلک سەبارەت بە مافەکانی قانوونی خویان ئاگادار دەکاتەوە. بە پیی قانوون کاری منالان قەدەغەیە؛ هەروەها بە پیی قانوون ساحەبکار حەقی نیە پیشەکی زیاتر لە حەقدەستی یەک حەوتوو بە کریکار بدات. سەرەرای ئەوەی کە بو هەر کاریک حەقدەستیکی لانی کەم لە لایەن دەولەتەوە دیاری کراوە، بەلام زوربەی هەرە زوری کریکاران نیوهیندەی ئەویشیان نادریتری. «ولفگانگ» لە گەل کوریک کە لە رستورانیک کار دەکا قسە دەکا. حەقدەستی ئەو کورە تەنانەت کەمتر لە یەک لە پینجی حەق دەستی لانیکەمی دیاریکراو لە لایەن دەولەتەوە بوو.

## داخوازی ماف

«ولفگانگ» دەلی:« زور گرینگە کە گەورەسالان دلی ئەوەیان هەبی کە داوای حەقی خویان بکەن و خویان بە

بەرپرس بزانن سەبارەت بە منالان؛ بو ئەوەی منالان بتوانن بچنە مەدرەسە لە جیاتی ئەوەی کاریان پی بکەن.»
هیندی کەس پییان وایە کە منالەکانیان بە کار کردنیان «یارمەتی خەرج و خوراکی» خانەوادە دەدەن. بەلام ئەم بووچوونە بە تەواوی هەلەیە. کاری منالان دەبیتە هوی ئەوەی کە حەقدەست کریکار لە خوارەوە رابگری؛ هەژاری دەهیلیتەوە و دەیکاتە هەتاهەتایی. هەروەها دەبیتە هوی ئەوە کە گەورەسالان زور سەختتر بتوانن داواکانیان بە جی بگەیینن.
زستانی پار، «ولفگانگ» پینج حەتووی لە تەعتیلاتی سالانەی خوی لە پاکستان لە  لای ریکخراوی BLLF ماویەوە. یەکەم سەفەری «ولفگانگ» بو پاکستان دوو سال لەمەوبەر بوو. ئەو کات لە کارگاکاندا فەرش دەچنرا. «ولفگانگ» لە شکایت کردن لە ساحەبکاریک کە لە کارگاکەیدا کریکاری منالی هەبوون، بەشدار بوو. بەلام بە دوای ئەوەدا کە تیکوشانی BLLF بوو بە هوی ناساندنی کاری منالانی پاکستان لە دەرەوەی وولات، ساحەبکارەکان دارتەونەکانیان راگواستووەتە ناو مالەکان. بەلام شیوەی کار هیچ فەرقی نەکردووە و هەموو شتیک وەکوو جارانە.
لە مەدرەسەکانی BLLF منالەکان فیری خویندن و نووسین و حیساب کردن دەکەن. هەروەها فیری قسە و باس کردن و بەلگە هینانەوە و مجادلە کردن لە حضوری خەلکدا دەبن. تەفاوەتیکی دیکەش کە ئەم مەدرەسانە لە گەل مەدرەسەکانی دەولەتدا هەیانە ئەوەیە کە لیدان لە منالان لە مەدرەسەکانی BLLF دا قەدەغەیە. لە جیاتی سەرکوت کردن، منالان فیری ئەوە دەکرین کە مافەکانی خویان داوا بکەن و لە سەر داخوازیەکانیان سوور بن. «ولفگانگ» دەلی:
«دوو سال لەوە پیش من و نوینەرانی BLLF سەردانی **٢٣** مەدرەسەی BLLF مان کرد. لە مەدرەسەیەک شولکیکمان دوزیەوە کە بو سزادانی منالان کەلکی لی وەردەگیرا. لە سەر ئەوە غەوغایەکمان بەرپاکرد. شولکەکەمان لە گەل خومان هینایە ناوەندی BLLF لە شاری لاهور بو ئەوەی وەکوو نمونەیەک لە کورسی بارهینانی ماموستایانی مەدرەسە لە داهاتودا، بو چاوترساندنیان کەلکی لی وەربگیری.

## پیاوەکان زیاترن

پیاو و ژن و منال هەموویان لە «ریکخراوی رزگاریخوازی کریکارانی کویلە» دا، هەلدەسوورین. ئەمە لە پاکستان شتیکی لە بەرچاوە. هەم پیاو و هەم ژن و منال لە شوراکانی گەرەکدا کە لە زور شوین هەن، بەشدارن. بەلام بەشداری پیاوان زور لە بەرچاوترە و «ولفگانگ» بیستوویەتی کە مەدرەسەیەک هەیە کە ماموستاکانی هەموو پیاون و تەنیا کور لەوی دەرس دەخوینن. یەکیک لە ماموستاکان پییوابوو کە ئەگەر
ماموستای ژن لەوی هەبوایە، کچیش دەچوون بو مەدرەسەکە. «ولفگانگ» ئەمسالیش سەردانی بووە لە چەنمەدرەسەی BLLF. لە چەن شوین BLLF ئەو مەدرەسە دەولەتیە چولکراوانەی کە ئیتر دەولەت ماموستای بو نانیری، ئاوەدان کردووەتە و بو مەدرەسەکانی خویان کەلکیان لی وەردەگرن. لە مەدرەسەکانی BLLF وەکوو مەدرەسەکانی دەولەت، منالەکان تەعیتلاتی دوور ودریژیان نیە. ئەمە مەسەلەیەکی زور گرینگە و هویەکەشی ئەوەیە کە ریگە نەدا بەوەی کە منالەکان مەجبوور بە کار کردن بکرین. مەدرەسە بەیانی زوو دەس پیدەکا و سەعات یەکی دوانیوەرو تەواو دەبی. مندالەکان لە مالی خویان نەهار دەخون. غەزای ئاسایی لەوی پەتاتە و سەوزی و نانە. برینج گرانە و زیاتر لە

جەژنەکاندا دەخوری.

دەرس زیاتر لە هەوای ئازاد، لە ژیر سیبەری هیندی دار یان سیبەری مالیک دا دەگوتری. منالەکان لە سەر عەرز دادەنیشن. هیندی لەو منالانەی کە بە تەمەنترن، دەفتەری نووسینان هەیە وبەلام زوربەیان لە سەر تابلوی تەختە دەنووسن. تەختەکە بە قور سواخ دەکەن و کاتی کە قورەکە ووشک دەبیتەوە، ئەو دەم دەکری بە جەوهەر (مرەکەب) لە سەری بنووسی.

لە یەکیک لە مەدرەسەکانی BLLF لە ئاواییەکدا، **١١٢** منال لە چوار کلاس بە دوو ماموستاوە دەرس دەخوینن. محمد اشرف دە سالیەتی و دەچیتە ئەم مەدرەسەیە. ئەو زور شانسی هیناوە. لە یازدە خوشک و برای ناومالدا، تەنیا ئەو برایەکی لە خوی بچووکتری ناردراونە مەدرەسە. ئەو مەدرەسەی زور پیخوشە و بە دل دەیەوی روژیک ببیتە ماموستا لە ئاواییەکەی خویاندا.

«سولتانە بیبی» زور وریایە و لە دەردی وولاتەکەی خوی دەگا. ئەو بەرنامەی روون و ئاشکرای هەیە بو چونیەتی بەشداری کردنی خوی بو کەم کردنەوەی ئەم دەردانە. سولتانە بە تەمایە دوای تەواو کردنی مەدرەسە ببیتە ماموستا. ئەو کات تەواوی وەختی خوی سەرفی دەرس گوتن بەو ژنانە دەکا کە هەروا لە مال ماونەتەوە. ئاخر لە مال نەهاتنە دەری ژنی کە شووی کردبی، زور ئاساییە.

## کوژرانی ئیقبال

بە هوی تیکوشانی BLLF خەلکیکی زور لە دەرەوەی پاکستان، لە کاری کویلەیی منالان ئاگادار کران. ئەوە بوو بە هوی ئەوە کە فەرشەکان وەکوو جاران بە راحەتی نەفروشرین. زور کەس داوای زەمانەتیان دەکرد کە ئەو فەرشەی دەیکرن، بەرهەمی کاری منالان نەبی. خاوەن کارگەکان لەرزیان لی نیشت و خاوەنی کورەخانەکان و زەمیندارەکانیش هەستیان بەوە کرد کە قازانجیان کەوتووەتە خەتەر. هەر بویەش بیدەنگ دادەنیشتن و گورزی خویان وەشاند. ناخوشتر لە هەموویان تیروری ئیقبال مەسیحی دوازدە سالان بوو. «ولفگانگ» دەگیریتەوە کە ئیقبال زور بە سوز و خروش و قسەکەریکی زور وریا بوو. ئیقبال خوی لە سالی **١٩٩٢** لە کوبوونەوەیەکی BLLF دا، ئاگادار دەبی کە کاری منالان بە پیی قانوون قەدەغەیە. ئەمجار ئەویش کریکارە هاوتەمەنەکانی خوی لە گارگای فرش چنیندا ئاگاداری ئەم مەسەلە دەکا. دواییش لە مەدرەسەیەکی BLLF دا دەس بە خویندن دەکا.

سالیک لەمەوبەر ئیقبال لە لایەن BLLF هاتە وولاتانی ئوروپا. ئیقبال لەم سەفەرەدا سەردانی سوئیدیشی کرد. یەکیەتی کریکارانی سوئد لە شاری «لیدشوپینگ» میوانداری ئیقبال بوون. «ولفگانگ» و ئیقبال لەم سەفەرەی ئیقبالدا بو سوئد چاویان بە یەک کەوت. ئیقبال بەهاری پار

(١٩٩٥) كوژرا.

BLLF بەوە تاوانبار دەكەن كە بە لە قاو دانى كويلەتى و كارى منالان زيانى گەياندووەتە ئابوورى پاكستان. قسەكەرى BLLF بەوە تاوانبار كرا بەكرىگيراوى دوژمنى سەرەكى پاكستان، واتە هيندوستان بى. ئەم تومەتە لە پاكستان، تومەتيكى زور گەورەيە. ئەم تومەتانە كاتيك بلاو كرانەوە كە قسەكەرى BLLF لە ژنيو بەشدارى كوبوونەوەى ريكخرواى نەتەوە يەكگرتووەكانبوو و ئيتر دواى نەيتوانيوە بگەريتەوە پاكستان.

****

# سەرنجیک لە "ژن لە پاکەتی پوست دا"

ریبوار

لە یلا قانیعی، لە ژمارە ی دووهە م دا باسیکی وردی لە سە ر مە سە لە یە کی کومە لایە تی هەیە بە ناوی "ژن لە پاکە تی پوست دا". باسەکە رەخنە گرتنیکە لە "ژن هینان"ی هەندیک پیاو کە لە ولاتانی ئاسیا و ئافریقایی یە وە ( لە وانە لە کوردستانەوە) هاتوونە ئەوروپا و ناتوانن یان نایانەوی لە گەل ژنی ئەوروپایی بژین و هە ر لە و ولاتانە وە ژن دینن ئە ویش تە قریبە ن نە دیو و نە ناسیاو!

"ژن هینان"ی بە و تە رزە بە حە ق جیگای رە خنە یە و پیش هە موو شتیک ئیهانە تە بە ژن. لە یلاش دە ستی سە ر گە لیک خالی باش ناوە و هە ر لە سە رە تای باسە کە ش دا نە ماوە تە وە، بە لکو باشیش لیی کولیوە تە وە. وە ک خویشی نووسیویە، ئە م باسە لیکولینە وە ی زیاتریش هە لدە گری کە بە شداری خوینە ران دە توانی ریگای بو بکاتە وە.

من لیرە دا بە تە مام چە ند پرسیاریک بینمە کایە وە بە و نیازە ی بتوانین بە جوابی روشنتر لە م مە سە لە یە بگە ین.

ئایا وە ک لە یلا نووسیویە "لە کوردستانی ئە مرو دا ژن کارە کە ر و قە رە واشی بیست و چوار سە عاتە ی مالە"؟ ئایا ری و رە سمی نوی و حورمە تی ژن لە کوردستان هە ر نیە؟ ئایا "پیاوان هە میشە و بە دریژایی میژوو ئازادی جنسی یان بووە توانیویانە هەرکات مەیلیان لە سەر بووبی ... روو لە ژنی‌تر بکەن"؟ ئایا مە بە ستی لە یلا پیاوانی فە قیر یا بە ردە و کویلە ی دریژایی میژوویش دە گریتە وە؟

لە بە شی ئاخری باسە کە دا لە یلا بە دروستی دە لی فە رهە نگی پیاوسالارانە سنوور ناناسی و پیاوسالاری لە ئە وروپاش زور رووسپی تر نیە. بە لام لە سە رە تاوە وا نانوینی!

ئایا موشکیل (بیجگە لە پیاوسالاری) هە ر راسیسمی کومە لانی ئە وروپایی یە کە ئە و پیاوانە ی ( بە بروای من ژنانیش) کە لە شوینی ترە وە هاتوون بو هاوسە ر گرتن لە تە نگانە دان؟ ناسیونالیسمی "خو_وولاتی" موتتە هە می ئە م دادگایە نیە؟ گە لیک لە و کلاوە شە رعی و فە رهە نگی یانە ی دە کریتە سە ر خە لکی پە نا بە ر رنگیکی توندی ناسیونالیسمی "خو_وولاتی" پیوە یە. راسیسمیش بە بروای من ناسیونالیسمیکە هە ندیک توورە تر؛ هە ندیک ئاشکراتر ئە حمە قانە. من پیم وایە بە بی موتتە هە م کردن و مە حکووم کردنی ناسیونالیسم لە م دادگایە دا ناتوانین موشکیلە کە بە باشی بناسین.

من ئامادە ی ئە وە نە بووم کە ئە م باسە زیاتر شی بکە مە وە و منیش بە ش بە حالی خوم داوای یارمە تی لە خوینە ران دە کە م کە باسە کە بخە نە بە ر شە وقی لیکولینە وە.

***

# سەرنجیک لە سەر هەلپەرکیی کوردی

سلیمان قاسمیانی

ریزی هە لپە رکی وە ک ماریک پیچ دە خوا، کو دە بیتە وە و دووبارە خوی لیک دە کیشیتە وە. سەرچوپی گیر، جە زم بووە و تاو نا تاو، دەقوولینی. بەشدارانی هەلپەرکی لە ئاست خویان هەلدەبەزن، دادەبەزن و ئارەق دەریژن. منیش هە ناسە سوار هە ول دە دە م لاقم لی تیکە ل نە بن و لە بە ینی فشاری ئە م لا و ئە و لای ریزە کە نە پلیشیمە وە. ئە وە منم کە دەبی خوم لە گەل هەلپەرکیکە ریک بخەم؛ هەلپەرکیکە قەرار نیە لە گەل من بیتەوە. دەلیلەکەشی روونە؛ هە لپە رکیی کوردی، هە لپە رکیی بە کومە لە و هیچ جیگایە ک بو کە سایە تی تاکە ئینسان ناهیلیتەوە.

هە لپە رکی وە کو بە شیک لە کولتوری کومە لگای ئینسانی، موری میژووی سە ردە مە کانی جوارجور بە ناو چاوانیە وە . ئە وە ی کە ئینسانی پیش میژوو، یە کە م جار لە خوشی سە رکە وتن بە سە ر موشکیلە یە ک، یان پە ی بردن بە شتیکی تازە، یان لە ترسی رووداویکی سروشتی دەستی کردبی بە هەلپەرین؛ مەعلووم نیە. ئەوەی کە روونە ئەوەیە کە هەلپەرکی زور زوو بوو بە رەسمیکی ئایینی و بو ریز گرتن لە خواکان و خو پاراستن لە بە رامبە ر بە لای سروشتی و نەناسیاو کەلکی لی وەرگیرا. یەکیک لە تایبەتمەندیەکانی ئینسانی ئەو سە ردە مە ژیانی بە کومە ل بوو. زانستی ئینسان و ئامرازی بەرهەمهینان ئەوەندە پیشکەوتوو نەبوو کە مروڤی تاک بتوانی بە تەنیایی خوی بپاریزی و بە ئە ندازە ی پیویستی خوی خوراک بینیتە بە رهە م. هە ر بویە تە بیعی یە کە تاکە کە س لە و سە ردە مە دا و زور دواتریش، جیگایە کی لە بە ر چاوی نە بی و باسیکیش لە مافە کانی تاکە مروڤ لە کومە لگا دا نە بی. ئە م مە سە لە یە لە هە موو لایە نە کانی ژیانی کومە لایە تی دا دیتە بە ر چاو. پیناسە ی مروڤ نە خوی، بە لکوو تیرە و تایفە و عە شیرە بوو. ئە گە ر «مام حە مە »یە ک لە عە شیرە ی «جاف»، «حە سە ن »یک لە عە شیرە ی «هە مە وە ندی» بکوشتایە، نە ک تە نیا مام حە مە بە لکوو هە ر مروڤیکی تر لە عە شیرە ی «جاف» دە بوایە ئامادە ی ئە وە بی کە بە تولە ی «حە سە ن» بکوژری.

هە لپە رکیش رە نگی ئە و دە ورە میژوویی یە ی پیوە دیارە. لە سە رچوپی گیر بە دە ر، تاکە مروڤ لە هە لپە رکیی کوردی دا نە مە عنای هە یە و نە جیگا. ئە وە تە نیا سە رچوپی گیرە کە لە چوارچیوە ی هە وای هە لپە رکی یە کە دا تا رادە یە ک ئازادی هە لسوورانی هە یە . باقی بە شداران لە هە ردوو لاوە دە وریان گیراوە و مە جبوورن پییان لە گە ل پیی سە رچوپی گیر میزان کە ن. هە لپە رکیی کوردی ریگە ی ئە وە ت پی نادا کە وە ک مە ل بال بگری و بە مە یلی خوت تە قلە لیدە ی، بە رز بفری، تیژ ببیە وە خوار، راست و چە پ بکە ی و خوت بە تە واوی وجوودە وە بدە یە دە س مە لی ئازادی خە یال. ریزی هە لپە رکیی کوردی ماریکە و دە ئالیتە هە ر دوو لاقت و ریگە ی دە رە تانت لی دە بری. ئە وە ی کە بو توی تاک دە مینیتە وە، تە نیا ئە وە یە کە خوت بخە یە دە ستی مارە کە و لە گە ل هە ر وە رسووران و هە لسوورانە وە ی‌دا توش خوت وە رسوورینی؛ دە نا پیچی لە ناکاو فریت دە داتە دە رە وە و لە هە لپە رکی بی بە شت دە کا!

زال بوونی بوونی سە رمایە داری بە سە ر سیستمی فئودالی دا، ئینسانی تاکە کە س و مافە کانی ئینسانی تاکی هینایە ئاراوە. سە رمایە پیویستی بە ئیسنانیک بوو ئازاد لە زە وی و ملک و ئاغا و عە شیرە . ئینسانیک کە لە هیزی کاری بە دەر، هیچ شتیکی‌تر نەیبەستیتەوە و بتوانی لە هەر شوینی پیویستی پیی هەبی، حازر بیت. بە لام تە بیعی یە کە هەموو شتیک هەر بە دلی سەرمایە نابی، بە هوی ئەوەی کە ئەو ئینسانە ئازادانە کە قەرارە هیزی کاریان بە سە رمایە بفروشن، هە ر وا بە ئاسانی خو نادە نە دە س سە رمایە و تیدە کوشن کە د ە ستی سە رمایە بە سە ر ژیانیان دا کورت کە نە وە . مافە بنە رە تیە ئینسانی یە کان بە گشتی ئە و مافانە ن کە سیستمی سەرمایە داری بە هوی تایبە تمە ندی

خوی و له ژیر فشاری خه باتی چینایه تی دا دانی پیدا هیناون.

له هه‌موو به‌شه‌کانی ژیانی کومه‌لایه‌تی‌دا و له هه‌موو لقه‌کانی کولتوردا ئه م ئال گوره کومه لایه تیه، که وجوودی سه رمایه داری شه رتی بنه ره تی یان بووه ، ده بینری. نقاشی له تالاری خانزاده کان و سالونی کلیسا و مزگه وت و ته کیه و تیمپله کان دیته ده ر و جه ماوه ریکی به ربلاوتر ئیمکانی ئه وه ی بو ده ره خسی که که لکی لی وه رگری. تابلوی شا و خان و به گزاده و حوری و په ری و جه هه نده م و به هه شت، جیگه ی تاکیان پی لیژ بوو و ته بیعه ت و ئینسان و کار و ژیان و خه یالی ئازادیش جیگه یان بو خویان کرده وه . له موسیقا، شیعر و ئه ده بیات به گشتیش، ئه‌م ئال و گوره ئابوری و کومه لایه تی یه، به شیوه ی تایبه ت به خو، خویان نیشان دا.

هه‌لپه‌رکیش ئه‌م ئال و گوره که‌وته ناوی و هه‌لپه‌رکیی دووکه‌سی و تاکه‌که‌سی ئازاد، جیگای به هه لپه رکیی به کومه‌ل، ته‌نگ کرد. به شوین موسیقای «جاز»، «پاپ»، «راک‌ئه‌نرول»، «ره پ»، ئه‌نواعی ره قس له سه ر بناغه ی هه لپه رکیی تاکه که سی ئازاد سه ریان هه لدا. ئه لبه ت ره قسی تاکه که سی ئازاد به مه عنای هه لپه رکیی تاکه که سی به تاق و ته‌نیا نیه. ئه‌م ره‌قسه‌ش ئه‌گه‌ر زیاتر له ره‌قسی کون، به کومه‌ل نه‌بی، که‌متر به کومه‌ل نیه. جیاوازی سه‌ره‌کی به‌ینی ئه‌م دوو ره‌قسه‌له‌وه‌دایه، که له ره‌قسی نوی یا تاکه‌که‌سی ئازاد دا، تاکه‌که‌سه‌کان له نیو کومه له که دا وون نابن و نابه سترینه وه به چونیه تی فورمی ره قسی ئه وانی دیکه وه. ئه وه ی که به شداربووان له رقسی دیسکودا به یه‌که‌وه‌گری ده‌دا ته‌نیا موسیقایه. باقی ئیتر ده‌گه‌ریته‌وه سه‌ر مه یل و خواست و تایبه تمه ندی هه ر که سه خوی که چون له گه ل ئاهه نگه که یه ک بگری. له م ره قسه دا نه ده ستت به ستراوه و نه پیت؛ خوتی و ئیحساسی خوت و مه لی خه یالت، له ناو کومه لیکی به هه مان ئه ندازه ئازاد دا.

ره قسی نوی به داخه وه له کوردستان نه یتوانیوه جی پیی خوی بکاته وه. یه کیک له هوکانی ئه م مه سه له به بروای من ده گه ریته وه سه ر کارکردی ناسیونالیزم و جوولانه وه ی ناسیونالیستی. یه کیک له تایبه تمه ندیه کانی ناسیونالیزم داتاشینی ناسنامه‌ی میژوویی و کولتووری‌یه، بو ئه‌وه‌ی جیاوازی خوی له گه‌ل کومه‌لیکی‌تر له ئیسنانه کان نیشان بدا و به م جوره ئیدیعای ئاغایی به سه ر ئه و به شه له خه لک دا بکا که له چوارچیوه یه کی تایبه تی جوغرافیایی دا ده ژین و ناسنامه‌ی نابراویان به سه‌ردا سه‌پینراوه. ئه‌گه‌ر ناسیونالیزم دوو سه‌ده له‌مه‌و پیش له سه‌رده‌می سه‌رهه‌لدانی سه رمایه داری دا به هوی کیشه ی توندی له گه ل فئودالیزم دا، روو له پیش بوو؛ ئه مرو ئیتر له کونه په رستی واتر هیچ شتیکی‌تری له هه‌مبانه‌دا نیه! موشکیله‌ی ناسیونالیزمی ئه‌مرو نه‌ک فئودالیزمی خو‌ـوولاتی به‌لکوو بورژوازی نه‌ته‌وه‌ی‌تره. شورشی فه‌رهه‌نگی له سه‌ره‌تای شکل‌گرتنی بورژوازی له وولاتانی ئوروپا دا، نه‌ته‌وه‌هه‌لگر نه‌بوو. له هه موو وولاتانی ئوروپا له و سه رده مه دا، ئه م شورشه دژی بوچوون و بیر و باوه ری فئودالی له مه یدانه کانی جوراوجوری عیلم و هونه‌ر و ئه‌ده‌بیات و ژیان‌دا بوو. هه‌ر بویه‌ش ئال و گوری فه‌رهه‌نگی و ئه‌ده‌بی و هونه‌ری له زوربه‌ی وولاتانی ئوروپا ته قریبه ن هاوکات و هاوشیوه جیگیر بوو.

به لام ناسیونالیزمی ئه مرو به گشتی و ناسیونالیزمی کورد به تایبه تی، نه ک هه ر هیچ کیشه یه کی ئه وتوی له گه ل فئودالیزم وه‌کو سیستم، یان وه‌کوو پاشماوه‌ی کولتوری نیه، به‌لکوو به‌شی هه‌ره زوری عادات و ری‌و ره‌سم و فه‌رهه‌نگی بوگه‌نی پیش سه‌رمایه‌داریش زیندوو ده‌کاته‌وه‌و وه‌کوو ئالای نه‌ته‌وه‌یی و ناسنامه‌ی میللی به‌رزی ده‌کاته‌وه. ئه‌م ناسیونالیزمه دژی مودرنیزم و پیشکه‌وتوویی‌یه. له هه‌موو مه‌یدانه‌کانی ژیان‌دا به شتی کونه‌وه ده نووسی و بیزاره له هه رچی نوی یه . ئه م ناسیونالیزمه له کوردستان له مپه ریک بووه له به رامبه ر ئال و گوری پیویست له موسیقا و ره قس دا. به پیروز کردنی «زورنا» و «توزه له» و «شمشال» و «ده ف» له سه رده میک دا که پیشره فتی ساز و ده‌زگای ئیلیکترونیک سیحر ده‌کا، ئاکامه‌که‌ی له قور چه‌قین و دواکه‌وتوویی موسیقا و ره قسی کوردی له چاو موسیقای جیهانی یه .

ره‌قس و موسیقا پیوه‌ندی‌یه‌کی له یه‌ک نه‌پساویان به یه‌که‌وه هه‌یه. ره‌قسی تاکه‌که‌سی پیویستی به ئاهه‌نگی

تایبه‌تی خویه‌تی. به بروای من یه‌که‌م هه‌نگاو بو پساندنی زنجیره‌کانی «ره قسی به کومه ل» له پیی هه لپه رکی و ره قس له کوردستان دا، پیشکه ش کردنی ئاهه نگ و ریتمی نوی یه که له ریتمی زه ربی تایبه تی هه لپه رکیی سوننه تی بیته ده‌ر. ئه‌لبه‌ته ئه‌وه به‌و مه‌عنایه نیه که هه‌ر ئیستا نه‌کری له ئاواز و ئاهه نگی جیهانی که لک وه ربگیری. موسیقا جیهانی یه و دیواره نه ته وایه تیه کان هه رگیز نه یان توانیوه پیش به سنوورپه راندنی بگرن. که سیک که له کاتی شادی و جه ژنا ده یهه وی گیانی بداته به رده م موسیقا و سه ما بکا، داوای ناسناو له ئاهه‌نگ و موسیقا ناکا! ئه گه ر موسیقا و ئاهه نگه که به رووحی ئاشنا بن، ئه وسا ئیتر کار ته واوه و دوو گیان یه‌کتریان دوزیوه ته وه . ئه مه هه ر ئا ئیستاش راستیه کی حاشاهه لنه گره و لاوانی کورد تاسه ی هه لپه رکی یان به موسیقای جیهانی ده شکینن. مه سه له که له راستی‌دا رووی له موسیقای کوردی‌یه. ئه‌گه‌ر موسیقای کوردی بیهه‌وی له‌و دیوی چوارچیوه ی ته نگی کوردستان و کوردایه‌تیش‌دا دلدار و گویگر په‌یدا بکا، مه‌جبووره به‌رگی ته‌نگی ناسیونالیزم له به ر خوی دادری و به ره و پیش هه‌نگاوهه‌لگری. با «ده‌ف» هه‌ر پیشکه‌شی شیخ و ده‌رویشی فوسیلی کویره دیهاته‌کانی کوردستان بیت و «توزه له»، کونه ئاغاکان هه لپه رینی. «بیتهووین»، «جان لینون»، «تره یسی چاپمه ن»، «پینک فلوید»، «پیتر گابری ییل» و «بروس سپرینگستین»، هه م به ریتم و هه م به ناوه روک، گه لی ئاشناترن به رووحی دانیشتوانی ئه مروی کوردستانن تا توزه له و ده ف و زورنا.

***

# بەبونەی هەشتا و یەکەمین سالی مەرگی «جوهیل»

## Dont mourn - Organize!

## ماتەم مەگرن، یەکگرن !!

یوسف رسولی

میژووی خەباتی چینی کریکار، میژووی خەباتی بەش مەینەتانی جیهانە بی لەبەرچاو گرتنی سنووری دەستکردەکانی نیوان ژیانی ئەم ئینسانانەی کە غەیری هیزی لەشیان چیتریان نییە. میژووی ئەو چینە بەش مەینەتە زیندووترین و باوەرپیکراوترین میژووی ئینسانە؛ زیندوو بەم شیوە کە زولمی ئاشکرا و مژتنی خوینی هەژاران، زیندووترین تابلوی شەقام و کارگە و بازارەکانی کارە هەر چوار گوشەی دنیا دایە ... و باوەرپیکراو بەم شیوەیە کە لە خەبات و راسان و راپەرینی هەلسوراوانی ئەم چینەدا، سەدان هەزار بی مال و حال و پی پەت و کریکار دەرژینە ناو مەیدانەوە بو ویستی ئینسانی و رزگاری ئینسان.

«جوهیل» کریکاری هەلسوراو و گورانی بیژی ئەنترناسیونالیستی بەناو بانگ، کە ئیستاش گورانییەکانی ویردی سەر زمانی میلیونان ئینسانی کریکار و بەش‌مەینەتە لە گشت جیهان دایە، بەشیک لەم میژووی ئەم چینە. جوهیل کریکاریکی تیکوشەر و هەلسوراو بوو و هەر بەو بونەوەش گیانی دا. دادگای فەرمایشی دەسەلاتدارانی ئامریکا، بە تاوانبار کردنی «جوهیل» بە کوشتنی کونە پولیسیک، حوکمی ئیعدامی ئەوی دەرکرد تا بەم جورە دەنگی «جوهیل» کرکات و خوشەویستی ئەو لە دلی خەلک دا کەم کاتەوە. بەلام گوللە باران کردنی «جوهیل» لە مانگی نوامبری سالی ۱۹۱۵ لە لایەن دەولەتی ئامریکاوە، نەتەنیا نەبووە هوی لە یاد چوون و کر بوونی «جوهیل»، بەلکو بوو بە روژی هەستانەوەی زوربەی کریکاران لە ولاتانی جوراوجور دا و خەوی خوشی حاکمانی ئامریکای زراند کە پییان وابوو بە لەناو بردنی هەلسوراویکی کریکار دەتوانن خەباتی کریکاران بوەستینن.

ئەگەر مروڤ گورانی بەخوو و خدە و لیهاتووی بەشەر زانیبا، رەنگە زور بە ئاسانی بەم ئامانجە گەیشتبا کە گورانی ریکخراوە کریکارییەکانی ئامریکا تاقن لە دونیادا. ئینسانانی وەکوو، Malvina Reynolds. Joe Glazer .T-Bone . Florence Reece, Aunt Molly Jackson, Lee Hays ,Pette Seeger ,Woody Cuthrie Slim. Ralph Chaplin و دەیان کەسی تر کە بەشداریان بووە لە خەباتی بی برانەوەی چینی کریکاردا. یەکی لەم گورانی بیژە هەرە بەناوبانگانە «جوهیل»ە کە پاشان بوو بە میژووی زیندوی چینی کریکار؛ رەنگە ئەوە زورتر بەهوی ئەم ریگایە بی کە جوهیل گرتیە بەر و گیانی تیدا بەخت کرد. گورانیەکانی «جوهیل» دەنگی چینی کریکار بوو و کاکلی بیر و باوەری ئینترناسیونالیستی «جوهیل»، یەک گرتنی چەوساوەکانی گشت جیهان و رزگاری ئینسان لە چەنگ زیروی سەرمایە بوو.

«یوئیل ئیمانوئیل هوگلوند» (Joel Emanuel Hogglund) ناسراو بە «جوهیل»، ۱۰ ی ئوکتوبری سالی ۱۸۷۹ لە شاری خشپیلانەی «ییولە» لە سوئید، لە بنەمالەیەکی دەستەنگ و کریکار لە دایک بوو. باوکی(Olof) کریکاری ویستگەی قەتار بوو و سالی ۱۸۸۷ بەهوی نەخوشییەکی لەناکاوەوە کوچی دوایی کرد و دایکی جوهیل، (Cattarina) ۱۵ سال دوای هاوسەرەکەی بو هەمیشە چاوی ویک نا و ۹ منالەکانی جی هیشت. جوهیل و برایەکی ریگای ئامریکایان گرتە بەر و سالی ۱۹۰۲ لە(New York) دا نیشتەجی بوو و لە قومارخانەیەک دا بوو بە پیش‌خزمەت. هەر لەم کاتانەدا بوو کە ناسناوی «یوسف هیلستروم»ی بو خوی دانا. ئەمە کاریکی زور سەیر و

سه مه ره نه بوو. ئه و كات ( ته نانه ت ئيستاش) ئه و كه سانه ى له هه نده رانه وه ده‌چوونه ئامريكا، بوو وه ده ست هينانى كار و په يداكردنى بژيوى روژانه، ناچار به گورينى ناويان بوون.

دواى ماوه‌يه‌كى كورت «جوهيل» راى خوى گورى و ريگاى شاره‌كانى ترى ئامريكاى گرته به ر و به هوى نه بوونى توانايى ئابورى ناچار بوو له هه ر شاره ى ماوه يه ك بمينيته وه و پاره پيدا بكا بو به رده وام بوون له سه ر سه فه ره كه ى.

نوسه رى به ناوى «توره نرمان» Ture Nerman له يه كى له نوسراوه كانى دا ئاوا له سه ر «جوهيل» ده نووسى:

« جوهيل له گه ل هيندى كريكارى سوئيدى، نورويژى و كانادائى له كارگه يه كى داربرى دا خه ريكى كار بوو. خواردنيان له‌راده به‌ده‌ر بى تام، حه‌ق‌ده‌ستيان كه‌م و جيگاى نوستنيان پر له قه‌لش و كون و كه لين. جوهيل له سه ر ئه م حاله ش را، بيرى يه كگرتن و دامه زراندنى ريكخراوه ى كريكارى له ناو هاوكاره كانى دا زيندوو كرده وه و هه ر به م بونه وه له لايه ن خاوه ن كاره وه ده ركرا.

سالى ١٩٠٥ ريكخراوى «كريكارانى سه‌نعه‌تى جيهان» Industrial Workers of the world له ئامريكادا دامه‌زرا و ده‌ستى به تيكوشان كرد.(I.W.W) ريكخراوه يه‌كى راديكالى سنديكاليستى بوو و باوه‌رى به شورشى راسته‌وخوى كريكاران له به‌رابه‌ر سه‌رمايه‌دارى ئامريكادا بوو و به توند و تيژى پارلمانتاريسم و ريفورميسمى ره د ده‌كرده‌وه. بيجگه له(I.W.W) ريكخراوه يه كى ترى كريكارى له و سه رده مه دا خه ريكى بزوتنه وه ى سياسى بوو به ناوى «فيدراسيونى ئامريكايى كريكاران»(American fedration of labor كه زوربه ى ئه ندامه كانى كريكارى خاوه ن مه‌دره‌كى خويندن بوون. له حاليكا (I.W.W) هه ولى سازمان دان و له يه ك نيزيك كردنه وه ى كريكارانى بوو، بى له‌به‌ر چاوگرتنى راده‌ى سه‌واد و ره‌نگ و ولات و سنوور و زمان. (I.W.W) قه ت نه گه يشته ئه م راده يه كه به ته‌واوى په‌ره‌بستينى و ببيته ريكخراوه‌يه‌كى جيهانى، به‌لام تا ده‌ست پيكردنى شه‌رى يه‌كه‌مى جيهانى‌دا، زور تيكوشه ر و به تايبه ت له ناو هه ژار و نه دار و په نابه ران دا زور به هيز بوو. هاوكات له گه ل شه رى يه كه مى جيهانى و هه لخراندى بير و باوه رى مال ويرانكه ر و دژى ئينسانى ناسيوناليزم له لايه ن حوكومه تى ئامريكاوه و هان دانى خه لك بو پاراستنى ولاتى «موبارك» له چه نگ هوروشمى بيگانه دا، (I.W.W) توانى تا راده يه كى زور به ره نگارى بير و باوه‌رى پيسى ناسيوناليستى و په‌ره‌پيدانى ئه‌و له لايه‌ن ده‌وله‌تى ئامريكاوه بكات. به لام دواى ماوه يه ك و به پيى پيلانى پيسى ده‌وله‌ت بو بى حورمه‌ت كردنى ئه‌ندامان و هه‌لسوراوانى ئه‌م ئورگانه، (I.W.W) هه‌لوه‌شا و گه وره ترين زيانى ويكه وت. (I.W.W) هيشتاش هه ر ماوه به لام نه ك وه كو ئورگانيكى گه وره و خاوه ن هيز.

له ماوه‌يه‌كى كه‌م‌دا «جوهيل» بوو به ئاژيتاتور، ئورگانيزاتور و گورانى‌بيژى (I.W.W). سالى ١٩٠٥ كتبيكى گورانى «جوهيل» به ناوى «كتيبه سووره بچكوله‌كه‌ى گورانى» له لايه‌ن (I.W.W) چاپ و بلاوكرايه‌وه كه له ماوه يه كى كه م دا، بوو به كتيبى بن باغه لى زوربه ى كريكاران و هه ژاران و هاوكات له چه ند ولاتى تر دا چاپ و بلاو كرايه وه. «كتيبه سووره بچكوله كه ى گورانى» بوو به چقلى چاوى نه يارانى چينى كريكار و له هيندى روژنامه و كتيبى ناسيوناليستى دا ناوى «شه يتانه سووره بچكوله كه ى» لينرا.

سالى ١٩١٣ ساليكى پر بار و سه ركه وتوانه بوو بو «جوهيل» و زوربه ى گورانييه كانى بو جارى دووه هم و له زوربه ى ولاتانى دونيادا چاپ و بلاوكرانه وه. هه ر له م ساله دا بوو كه «جوهيل» ريگاى «يوتا» ىUtah گرته به ر بو سازمان دان و ريبه‌رى كردنى مانگرتنيكى گه‌وره‌ى كريكارى كه له لايه‌ن(I.W.W) به‌ريوه چوو. به هوى هوگرى و ليهاتويى «جوهيل» بو سازمان دان و به ريوه بردنى مانگرتن و خو پيشاندان، كريكاران له م مانگرتنه دا سه ركه وتن و ئه ژمارى ئه ندامانى (I.W.W) په ره ى هه ستاند.

هه‌ر وه‌ك خوو و خده‌ى ديرينه‌ى بورژوازى‌يه كه هه‌ميشه و به ته‌واوى هيزه‌وه خه‌ريكى له ناو بردنى هه لسوراوانى چينى كريكاره و به فر و فيل و پيلان خه ريكى بى حورمه ت كردنى هه موو ئينسانيكى ئازاديخواز و به رابه رى خوازه ؛ «جوهيل» يش بوو به قوربانى پيلانى چه په لى ده سه لاتدارانى حاكم.

شەوی ۱۰ ی مانگی ژانوییەی سالی ۱۹۱۴ دو پیاوی ماسک لەسەر، هوروژم ئەکەنە مالی کەسیک بە ناوی «موریسون» کە پیشتر سە رە ک پولیس بووە، و لە دە ست ریژیک دا خوی و کوریکی حە فدە سالانەی دە کوژن. چە ند روژ دواتر «جوهیل» بە تاوانی دە ست تیدابوون لە م روداوە دا دە گرن و دە یخە نە بە ندیخانە. نووسینی سکالا نامە ی «جوهیل» کە بریتی دە بی لە دە ربرینی بی تاوانی خوی بو وە کیل و دادگاکانی حوکومە ت، بی ئە سە ر دە بی. هاوکات لە گە ل گیرانی «جوهیل»، هەزاران کریکار و ئینسانی ئازادیخواز لە زوربەی ولاتانی دونیادا مان دە گرن و نە فرە تی خویان سە بارە ت بە م کارە ساتە دە ردە برن.

جوهیل هەر چەشنە یارمەتیەکی(I.W.W) رە د دە کاتە وە و داوا لە گشت هە لسوراوان و ریکخراوە کریکاری یە کان دە کات کە «ما تە م نە گرن، یە کگرن».

بە رە بە یانی رو ژی ۱۹ی نوامبری سالی ۱۹۱۵ «جوهیل» بە چاو و قولی بە ستراو، بە پارچە کاغە زیک لە سە ر سنگ کە دلیکی لە سە ر کیشرابووە وە بو ئاسان تر بوونە وە ی نیشانە گیری چە کدارە کان؛ دە هینریتە حە وشی بە ندیخانە و دوای دە سانییە، یە کیک لە دلە هە رە پاکە کان و یە کیک لە سافترین قورگە کانی گورانی بیژ و ئاژیتاتور و ئورگانیزاتوری چینی کریکار و خوشەویستی هەژاران و بەشمەینەتانی دونیا کەوتە بەر دەسریژی گوللە و بو هە میشە مال ئاوایی لە هاورییان و هاوبیران و هە لسوراوانی چینی کریکار و ئینسانانی بە شە ردوست کرد.

بە پیی وە سیە تی خوی تە رمە کە یان بردە «شیکاگو» و سوتاندیان و خولە کە یان خستە ناو چە ندین پاکە ت و بە سە ر زوربەی ولاتانی دنیا دا هەلپرژاند. لە کاتی بەریوە بردنی مەراسیمی سووتاندنی تەرمی «جوهیل»، شەقامەکانی شیکاگو شاهیدی دەیان هەزار کریکار و ئینسانی ماتەم گرتوو بوون کە بو مال ئاوائی لە گورانی بیژ و هاوری و هە لسوراوی کومونیستیان رژابوونە ناو شە قامە کانی شار.

پیروز بی یادی هە لسوراو و گورانی بیژی چینی کریکار « جوهیل »
ماتە م مە گرن ، یە کگرن!!

The Complete Joe Hill Song Book by ENN KOKK - bokforlaget prisma Stockholm

Joe Hill . Mordare eller martyr av Ture Nerman - POGO Press

***

# کارگەی ئاسن

تیدلوند

وه رگیران له سویدیه وه : کاکه

ئیستاش هه ر له بیرم ماوه
حیله حیلکی پیکه نینی قه ناعه ت و ره زایه تت
به سه ر روومه تی چه ورایی هه لگرتووت دا
که شه به قیان ده دایه وه
له قیل و
له گرافیته وه ؛
ئه و کاته ی که
له عه ویقی مه نجه لی ئاسن تاوینا
که ره سه ی هه لم پژینمان
ده کرده ناو
ده می داپچراو و قوولی
ئیلیکترووده کانه وه !

کوونه لووت و چاوی نیوه ئاواله مان
ده سووتانه وه له هه لمی
ژه هراوی سه وز و
هه لمی زه رد!
ئه وسا بو توزقالیک هه وا
رامان ده کرد هه ناسه سوار
له سه ر چوکا
به ته ویلی ئاره قاوی.
که چی تو
سه ره رای گشت ئه م کاره ساته
پیده که نی و
حه مد و ثنای ئه للات ده کرد!

له قوولایی ژیر پیمان دا
شه للاقی سپی ئیلیکترووده کانمان ده دی
له ماجوومی سیحراوی ناو مه نجه نیقا:

گازه کان شالاویان ده برد به ره و حه وا
میشک ئه شله قا
و هه نگاومان لی تیکه ل ده بوون...
به لام تو
هه ر پیده که نی و
باوه ری ساویلکه ی دینی ت
له ژیر لیو
بو خوت ده گوته وه!

که چی روژی
له گه ل جه می نیوه رو دا
کاتی نان له پیچکه برا و
ته رایی قاوه به حالیش
به ته رمووسیکه وه نه ما و
خه ریکی سیگار کیشان بووین،
ئه مجاره یان پیکه نین نه هات به ده متا
کاتی مه نجه نیقی ئاسن
به لرفه لرف بای زگی ده دایه ده ری!

به ده ردیکی گرانه وه گیراته وه :
ـ هه ژاری و به دبه ختی خیزان
ـ جیگه ی و ریگه ی ته نگ و تاریک
ـ کولیک منال و باری قه رز.
شانت له رزین
قولپی گریان له گه روودا
ووتت : ئاخر ئه ی خوایه
که ی ره وایه
هینده زووخاو
به به نده ی ئیمانداری خوت
هه لبریژی ؟

من مته قم لیوه نه هات...
چم ووتبایه ؟
له دوایی دا بزه یه ک هاته سه رلیوم،
شادی ئه وه ی،
که شک

که وتووه ته نیو گیانت.
ئه و شکه به رهه م هینه ره ی
چاوی کویری قه ناعه ت هه لده گلوفیت و
گیان ده به خشی به خه بات و ناره زایی؛
ئه و خه باته ی
که مروف به ره و پیش ده با!

***

# وەسیەت

جوهیل

یوسف رە سولی

نە داری وە ک من،

وە سیە تی

گە لی کورتە و گە لی ساکار:

« رووت هاتووم و روتیش دە روم »

سا یارانم !

وە سیە ت بی،

کاتی کە مردم

جە نازە کە م بسووتینن،

خولە پووتی وە کو باران

بە سە ر هە ردیکی تینو و دا

بپرژینن.

رە نگە ببمە سە بە ب تاکوو

گولی ژاکاوی دیراوی

خونچە ی دە میان بپشکوینن.

داوام ئە وە یە و هیچی تر؛

سا مال ئاوا ... ئینسانە کان

روژی سە رکە وتن ببینن.

وە رگیرانە وە بو کوردی لە کتیبی ئینگلیسی ( The Complete Joe Hill Song Book)

# فیربین

بنکت ئیریک هیدین

ریبوار کردوویه به کوردی له سویدی یه وه

وه رن فیربین

گوی له قسه ی یه کتر بگرین.

وه رن فیربین

له خوزگه کانی یه ک بگه ین

که چون دنیا

ده بی ئال وگور پی بدری.

وه رن فیربین

باسی خوزگه کانمان بکه ین

سه باره ت به م جیهانه ی وا تییدا ده ژین.

وه رن فیربین

که پیکه وه

ده سه لات له ده ست خو گرین

ده سه لات به سه ر ژینمان دا

جیهانمان دا.

وه رن فیربین

که خوزگه کان به دی بینین

که جیهانی ئاده میزاد

بیته هی گشت

به هی ئیمه.

وه رن فیربین

که وا ئیمه ین ده سه لاتمان به ده سته وه

گشت پیکه وه.

وه رن فیربین

که وا ئیمه ین و به رپرسین

هه موو یه ک یه ک!

***

# برووسکەیەک بو هەندەران

عه بدول حسين _ سليمانى _

من وام ده ويست هه تا ماوم
بو ساتيكيش ...
چاوم له روخسارت نه برى
بو كوسپه كانى ژيانت ...
ببم به پرد...
به به رده بازى سه ره رى.
لام سته م بوو، جيم بهيلى
خه ونه كانم ، ورد بكيلى
بويه كه سنوورت برى
توى توى جه رگى منت برى؛

سوماى چاوم ... ليت ناگرم!
شه رخوازه كان ...
گيانى راپه رينيان ... تاساند
نانى برسيه كانيان ... فراند
كورديان له كوردستان توراند
هه زارانى وه كو تويان ...
به ره و هه نده ران ... هه لفراند!

له ناو ده رياى يادى تو دا...
ئيستا ويلم
بيهوده مل ئه نيم و ... بى سه ر و شوينم.
چه نده هه نگ ... عاشقى گوله
چه نده خوين ... ئاشناى دله
چه ند بيابان ... تينووى ئاوه
چه ند نابينا... شه يداى چاوه
سه د ئه وه نده بيرت ده كه م
شاده مارى ناو دله كه م!

***

# چاوی بی هیز

چیمه ن

ئه لین هه رگیز
که سیان وه ک من
شاد نه دیوه!
ئه لین بزه دایم
به سه ر لیومه وه دیاره و
سیبه ری خه مم لی دووره .

دیاره منیان نه ناسیوه
له ژیانم
له منالیم
له ئیحساسم
له نهینیم
هیچ شتیکیان نه زانیوه .

ئه وان ته نیا لیوی به بزه م ده بینن
چاویان هیزی ئه وه ی نیه
چاوی خه مبار
چاوی لیواولیو ئه سرین و
دلی که یلی ده رد و په ژاره م ببینن.
چاویان هیزی ئه وه ی نیه ...!

***

# هەلبژاردن

عبدالقادر سعید

ره شه بای چه پله هه لی کرد
په یمانی نیوان چه قو و... گه ردن
ویرانه خاک ... ئاوه دانی
داس و ... گه نم
کوت ... ئازادی
له بلندگوی ده نگ نووساوی
پیش هه لبژاردن،
هه لبه سته را.
ره شه بای نه فره ت هه لی کرد
به و درویه ی له بلندگوی هه له وه را
له گه ل گه نم و
ئاوه دانی و
گه ردن و
ئازادی کرا.

***

# دوور کەونەوە!

لاله ی هه ژار

کش مات مامه ...

کشت مات کاکه ...

دره نگ وه خته و خه ریکه تاریکی دابی ...

ئیوه  توویکتان چاندووه

له  باتی  گول،

درک ده گری ...

خوینی ئه و خه لکه ش ئاو نیه

رابوه ستی.

عه رشی شاهانه جی بیلین!

گه ر میژووی سه روه ریتان ده وی...

دوور که ونه وه؛

بڕواتان  بیت

روژی  دادی

ئه نفال بکرین ئا له م خاکه

له توله ی گیانی ئه و خه لکه ...

***

# لیره

شوان محمد

ئه م هه ورانه
ئه وه نده نزیک و نزمن
به گوچانی ـ با ـ بیره دا تیده په رن؛
پشتیان چه می،
هه لخلیسکان مه ترسی یه.
له م نسرمه شیداره دا... که روومان کرد
ده ممان پر بوو له تاریکی.

لیره
شه وه؛
وینه ی به ربه یانی یاخی
له گیرفانی پولیس دایه .
لیره .... ته نانه ت هه لدانی ئالای سپی
که وچکی شوربای پی نیه .

لیره
له م شاری مشکه دا
هه ناسه کان ...
بونی تاعوونیان گرتووه.
لیره سه رما مه رگ ده لی
ئاگردانه کانیش قوراو؛
که له گه ته،
حه سره ت باری که له گه ته .

لیره له م حه سره ت ئاوایه
حیکایه تی ...
حورمه تی نان،
خه ونی سه وز ده لینه وه ؛
باس هه ر باسی ...
یاخی یه که

ره نگ خه نه یی.

***

# نامەی شەماڵ

حه مه  عه لی حه سه ن

شه مال دیت و هه والی نویی ئیوه دینی
ئه لی هیشتا هه ناسه یه ک
که  بوگه نی که رووی دروی سه رکرده کانی
لیوه  دی
بیشکه ی کورپه له ی خوزگه تان
رائه  ژینی...

شه مال دیت و ئه لی هیشتا
قه ل و دالی ئه م هه واره
زه رنه قوته ی مه لی ووشیاری
ئه  فرینی.

شه مال دیت و
په یامی مه رگه ساتیکی تازه دینی
ئه لی هیشتا
هه نگی ئاشق
جی خه لوه تی به رنه داوه؛
زه رده واله
شیله ی گولان زه هر ئه کات و
وه  گولزاریش به م نه غمه یه
ئاسایی یه ئه گه ر ببیت به که لاوه.

شه مال دیت و ئه لی هیشتا
درک وانه ی خوشه ویستی ئه لیته وه؛
په پووله ی  ئازادی مه سته و
هه موو شه وی
له به ر ئاته شی میراتی به ش کردنا
وه ک مومی عومریکی ماندوو
ئه تویته وه.

شه مال دیت و  ئه لی هیشتا
له کویستانی ژان و ره نجا
هه ر  پرووشه ی به فری درووی سه رکرده کان
به سه رمانا دائه باری.
شه مال دیت و ئه لی دیسان
تیرور کرا... نه به هاری.

شه مال دیت و  هه وال دینی
کوره ی دلم
زیاد و زیادتر ئه شیوینی.

***

# حەسار

ئاسو

ئای بە ر لە تو من چونی بووم؟!
ئە وە وینە کانی دوینیم، هیشتا ماون.
ئە وە دە نگ دانە وە ی دە نگم
لە کولانی نارە زایی و
لە شە قامی «نەء» ە کاندا
چون وە ستابوو؟!
هیچ نە بی چاوم دە یزانی
تیلە ی رقی لە کی بگری و
نیگای حە ز و خوشە ویستیش
بدا بە کی!
بە لام ئە مرو
هە ر ئە و دە نگە م
نە با کورپە ی ووشە کانی بە لادا بین،
لە بازاری
هە رزانترین شوینە کانی نانی شار دا
لە سە رە دا
لە گە ل غە می تە نهاخوی دا
بە بی دە نگی رادە وە ستی.

ئە وە ش عیشقی دلدارە کە م
کە بریار بوو بو ساتیکیش
روو لە م عاشقە رووتە لە ی خوی
وە رنە گیری؛
ئە ویش ئە مرو
لە بازاری
هە رزانترین عیشقە کانی
دلی شار دا
لە سە رە دا بوی وە ستاون و
هە ر بە بە ر چاوی خومە وە
ماچی مردوو

به نان دزانم ده فروشی.

***

له رومانی:

# تو کوینده‌ری، کریکار؟

دیتتی سیدرستراند

وه رگیرانی بو کوردی: سلیمان قاسمیانی(کاکه)

﴿ ... «پیتر ستراند» کریکاری سویدی، دانیشتووی «سکونه»، ناوچه‌ی جنووبی سوید، به هیوای په‌یدا کردنی کاری به رده وام، به خوی و خانه واده که یه وه، له سه ره تای سه ده ی ۱۹۰۰ دا، بار ده کا بو «کوپنهاگ»، پایته ختی دانمارک. به لام بیکاری له ویش هه ر وه کو سوید، موشکیله یه کی گه وره و به ربلاوه . سه ره نجام، ژیانی بی ده ره تان و بی هیوا له دانمارک، ئارام و قه رار له «پیتر» ده بری. «پیتر» ژن ومناله کانی له دانمارک به جی‌ده هیلی و بو په یدا کردنی نانی روژانه به ره و کانگاکانی خه لووز له ناوچه ی «روویر» له ئالمان ده روا. «پیتر» هه‌مدیس کلاو ده چیته سه ری. ته واوی قه ول و به لینی یه کانی ئه و ده لاله ی که کریکاری بو کانگاکانی خه لووز له ئالمان کو د ه کرده وه، سه باره ت به وه ی که هه ر کریکاریک مالی خوی ده دریتی...، بوو بو هیچ و ته واوی هیوا و به رنامه کانی خوی بو یه ک گرتنه وه ی خوی و خانه واده که ی، ورد و خاش بوون.

هاوکات له گه‌ل ئه‌وه‌ی که «سیلیا»ی ژنی به هه‌موو هیزی‌یه‌وه بو زیندوو هیشتنه‌وه‌ی خوی و مناله‌کان له «کوپنهاگ»، تیده کوشا؛ «پیتر» هاوریی تازه ده دوزیته وه له نیو کریکارانی رادیکالی کانگاکانی خه لووز و شان به شانی ئه وان له شورشی «سپارتاکیسته کان» له سالی ۱۹۱۸ له ئالمان دا به شداری ده کات....﴾

له کونسولی دانمارک له هامبورگ، بی یه‌ک و دوو لی کردن حه‌واله‌ی کنسولی سویدیان کرد چون ووتیان هه م به دیمه ن و هه م له شیوه ی قسه کردنی را دیاره که ئه و له ئه سل دا خه لکی سویده . ته نانه ت بو ئه وه ی میهره بانی خویان پیشان بده ن، ئاداره سی کنسوله که ی سویدیشیان دایه. له کونسولی سوید، به حال و دوو به لا روخوش تر بوون. ئه لبه ت به و په ری به دگومانی یه وه له و چه ند کاغه ز و مه دره که ی به لایه وه بوون کولیانه‌وه . دوایه ش داوایان لیکرد به رگه ی ئازاد بوونی له زیندان پیشان بدات، هه رچه ن له بنیاده میکی شه رانی نه ده چوو. پرسیار وه ک ته رزه به سه ریا بارین و ئه و هه رچی ده هات به نابه دلی یه کی زیاتره وه، تا ئه و جیگایه ی بوی ده کرا له سه ره خو جوابی ده دانه وه. له کوتایی دا کونسول رازی بوو به وه ی که پاسپورتی بده نی به و مه رجه ی که ۵۰ مارک، که نرخی ده رهینانی پاسپورته که بوو بدا. جا به هوی ئه وه ی که ئه و ئه م پاره یه ی به ده سته وه نه بوو، ئه وانیش نه یان ده‌توانی پاسپورتی بده نی! قسه کانی بی سوود بوون و هه رچی ووتی که ئه وان بویه له کونسول دامه زراون که یاریده ده ری هاوولاتیه کانیان بن، حازر نه بوون له گه ل که سیک که بو گوزه رانی ئاسایی خوی پاره ی نه بوو، گفت وگو بکه ن.

قسه ی ئاخر بوو به وه که هه ر کات پاره ی پیویستی بو پاسپورته که په یدا کرد، ده توانی دووباره بیته وه. «پیتر» ئیتر گه یشتبووه گیانی. بریاری دا که ره قی ریگا بگری و بگه ریته وه ناوچه ی کانگای خه لووزی به رد. ئیتر ناکری له وه زیاتر خو نزم بکه ی. له گه ره کی کریکارانی کانگای خه لوز، لانی که م ده یتوانی له گه ل خه لک قسه بکا و دوستی هه بوون. سه ره رای تووره یی یه کجار زور، باش ده یزانی که به پیی پیخواس، له و سه رما و به فر و شلیوه دا، ناتوانی پیاده خوی بگه‌یینیته ئه‌وی. که‌میک دوورتر له ئیستگه‌ی قه‌تار، به سه‌ر دیوار و نه‌رده و ره‌یله‌کان‌دا بازی دا؛ بی ئه‌وه‌ی

ده نگی لیوه بی خوی گه یانده یه که م قه تاری بارکیش و خوی خسته سه ر. پاش ماوه یه ک که تاریکی داهات له و قه تاره دابه زی و له واگونی بارکیشی قه تاریکی موسافیری دا جیگای بو خوی خوش کرد.

... ئیستا ئیتر دووباره ساختمانه کانی ده ناسینه وه. ئه مه یان کارگه ی پولا بوو به خوی و دووکه لکیشه فراوانه کان، بورجی ساردکردنه وه، بار هه لکیشه کان، شوسته ی پولا و کووره به رزه کان. ئه مه ی تریان کارگه ی چیمه نتو بوو؛ به شی دروست کردنی پودر، به پەنکه‌کان و کووره‌کانیەوه، که خوی وەک شاریک بوو. له‌م لاش «ئا ـ گ ـ کیمیا» و له دوای هه موان، بورجی «ویلهیلیمینا» و چه رخی گواستنه وه ی بار؛ له لای چه پیشه وه ئیستگه ی قه تار؛ ئه مه ش ئاوایی یه که بریتی بوو له مالی کریکاره کان.

له وه ی که مه جبوور بوو به پیی خوی برواته وه ناو که لپی وه حشی کارخانه وه، هه موو گیانی ژانی کرد. به لام هه ر که چاوی به ئاوایی یه که کەوت، به سه رسورماوی یه وه هه ستی کرد که ئه م ژان و ئازاره به ته واوی وون بوو و له جیاتان هه‌ستی کرد که هاتوه‌ته‌وه مال؛ که ئیره خاکی ئه‌وه و جیگه‌ی خوی دووباره گرتووه‌ته وه! ... ئه ری، لیره له لای ئه م ئینسانانه بوو که هه ستی به خومالی بوون ده کرد. لیره بوو که بو یه که م جار له ژیانی پر له ئالوزی و چه رمه سه ری خوی دا، ورده ورده له هو و په یوه ند و ئه نجامی رووداوه کانی ژیان، تیگه یشت. حالی بوون له و ه ی که هاوری یه تی هه ر ئه وه نیه که سیکت هه بی له گه لت مه شرووب بخواته و ه.... به په له ده رویشت. تاویکی تر ده یتوانی ریزه مالی «لوتتا» و « هاینیر» ببینی. دیار بوو که خه لکیکی زور له مال نین. تو بلیی ئه وان له مال بن؟! ده بی وه زعیان چون بی؟ ئه م شه‌ره ده‌بی چه‌نده ته‌ئسیری له سه‌ر ژیانی ئه‌وانیش دانابی؟ به دریژایی ریگاوه تا ئیره، ئاسه واری شه ر له هه موو شوینیک دیار بوو. دیاره که لیره ش ده‌بی ته‌ئسیری خوی دانابی. ده‌بی چه‌ند که‌س له هاوری‌کانی لیره نه‌مابن؟ «لوتتا» و «هاینیر» ده بی چون پیشوازی لی بکه ن و چون سه باره ت به و فکر بکه نه وه؟ ئه م پاره‌یه ی که قه رزداریان بوو چی؟ به خوی ووت که کاری زیاده ده کا تا پاره که ی بو بدریته وه.

ئه‌وه ماله‌که بوو! ئه‌و کچه هه‌ره بچکوله‌ش «لوری»یه، که وا خوی له شال و بلوزدا پیچاوه ته وه، و له گه ل چه ند که نیشکی بچکوله ی تر به ده وری قوراوه که دا باز ده ده ن. کاتی بانگی «لوری» ی کرد، ده تگووت ده نگی به خواستی ئه و نایه ته ده ر. کچه که خیرا سه ری به رز کرده وه؛ و نیگای له سه ر ئه و نه گیرسایه وه. «پیتر» بی ئه نداز ناهومید بوو. به لام که نیشکه که جاریکی تریش سه یری ئه وی کرد، روخساری گه ش بووه وه و رای کرد بو لای.

ــ پیتر؛ خو ئه‌وه پیتره! که‌نیشکه‌که ئه‌مه‌ی ووت و خوی له باوه‌شی «پیتر» هاویشت. ئه‌وه‌نده دلی پر بوو که مه جبوور بوو بو له حزه یه ک سه ری له شالی «لوری » دا بشاریته وه. به لام «لوری» نه یده توانی راوه ستی، خوی له باوه شی هینایه ده ر و به غار چووه وه بو مال:

ــ دایه، دایه، «پیتر» هاتووه ته وه!

ده رگای مال که وته سه ر گازی پشت. ئه وه ش «لوتتا»...، بو ماوه یه ک هه روا به سه رسورماوی و ناباوه ری یه وه سه یری «پیتر»ی کرد و ده‌ستی به به‌رهه‌لبینه‌که‌ی پاک ده‌کرده‌وه. ئه‌مجار له خوشحالی‌را قیژاندی و بالی گرت بو ناو ئامیزی «پیتر»:

ــ پیتر؟! ئه وه به راستی خوتی؟!

ئه و باره ی له سه ر دلی «پیتر» قورسایی ده کرد، داکه وت. ئه ری، ئه و گرابووه وه مال.

ــ وه ره ژوور. وه ره و قسه م بو بکه. «لوتتا» ده ستی «پیتر»ی گرت و به ره و ده رگای ئاشپه زخانه رایکیشا و له سه ر جیگایه‌که‌ی جاران له ئاشپه‌زخانه داینیشاند. «لوتتا» ده‌هات و ده‌چوو؛ ئاگری کوو ره که ی خوش کرد؛ ئاوی له به ر ترومپای چالاوه که هینا و قاوه ی وه سه ر خست؛ له ناکاو راوه ستا و به چاوی پر له نیگه رانیه وه سه یری «پیتر»ی کرد و پرسی:

ــ هه ر ته نیا خوت هاتوویه وه؟ چ رووی داوه؟ هه یرو... چه نده کز بووی!! ئه ی هاوسه ره که ت و... کوان؟ شتیک به فکری

دا هات، به لام پیش خوی گرت. دووباره به په ژاره وه رووی تیکرد، که وته پسکه پسک و: ده ی باشه، ئاخر...؟
روخساری «پیتر» ره ش هه لگه را و ده ستی به گیرانه وه ی به سه رهاته که ی خوی کرد. «لوتتا» هه ر وه ک زمان له زاری دا نه بی، مته قی لی برا بوو؛ چاوی پر بوون له فرمیسک و له تووره یی و نفره ت هاواری کرد:

ـ ئاخر چون ده توانن ئا به م جوره له گه ل مروڤ ره فتار بکه ن. ده ک نه مینن به خویان و ئه م شه ره نفرین کراوه یان.

«لوتتا» به په له خوی گه یانده وه مه نجه له که؛ قاوه که ی که قاوه ی هاراو بوو، کولاند؛ هه لبه ت له وه ش زیاتر نه یبوو.

«روبرت» کوری گه وره ی مال هاته ژوور. به خوشحالیه وه به خیرهاتنی «پیتر»ی کرد و هیندیک راوه ستا و گویی بو قسه کان هه لخست. کاتی پیتر خه ریکی گیرانه وه ی به سه رهاتی زیندانی بوونه که ی خوی بوو، له ناکاو له «لوتتا» ی پرسی:

ـ شووه که ت «هاینیر» له کوی یه ؟...حه تمه ن له سه ر کاره؟

له روخساری «لوتتا» بوی ده رکه وت که « هاینیر» له سه ر کار نیه.

ـ بانگ کرا بو سه ربازی. (لوتتا، رووی وه رگیرا) هه ر وه کوو زوربه ی هاوریکانمان. کاربه ده ستان، دایم باسی ئه و ه ده که ن که کاری کانگاکان زور گرینگه. زوریک له کریکاره کانیش به نیوی «زه روور بوون» له کانگا راگیراون و نه ناردراو نه جه بهه. به لام «هاینیر» به ر ئه م به شه نه که وت! ئاخر خویان ده زانن که ئه و هه لسوراویکی سیاسی یه.

هه رچه ند «پیتر» خوی له م فکره شه رم گرتی، به لام به خوی ووت: «که وابی بو دامه زرانی دووباره لیره نابی موشکیله یه کی ئه وتو هه بی.» لوتتا هه ر وا بوی باس ده کرد که وه زع چوونه. دیار بوو که هه موو شتیک ئال و گوری به سه ر دا هاتبوو.

بی ئه وه ی هیچ قسه یه کی لی کرابی، لوتتا ته ختی خه ویکی بو «پیتر» ئاماده کرد. «پیتر» قه رار بوو له دیوی خه وی «کارل»، که ئیستا کریکاریکی له هیستانیش (پولونیایی) وه ک کری نشین له دیوه که ی دابوو، بخه وی.

...کاتی پیتر روژی دوایی چوو بو کانگا و داوای کاری کرد، ده ست به جی کاریان دایه؛ به لام سه باره ت به حه ق ده سته که ی مه جبوور بوو وه ک که سیک که پیشتر له وی کاری نه کردووه، له هه وه له وه ده ست پی بکاته وه . ئیستا ئیتر وه زع گورابوو و کارفه رماکان ببوونه شیر. به کریکاره کان ده ووترا «دانیشتوانی پشتی جه بهه» و کاربه ده ستان بی ئه وه ی ماندوو ببن دایم جه بهه یان ده کرده بیانوو و له خه لکیان ده ویست که نابی چاوه روانی یه کی ئه وتویان هه بی. هیندیکیشیان به ئاشکرا ده وه رین: « له جه بهه ی شه ر دا باشترین روله کانمان خه ریکن له خوینی خویان ده گه وزن و سه گی وه کوو ئیوه ش زاتتان هه یه باسی حه ق ده ست بکه ن. یه کا و یه کی ئیوه ده بوایه به زور کوچ درابان!»

***

دیسان قیژه ی نه فره ت باری زه نگه کانی کارگا به سه ر ژیانی روژانه ی «پیتر» و به ملیونان که سی تر له مه نجه لی گه وره ی ناوچه ی «روویر» ( له ئالمان) دا حوکمی ده کرد. زه نگه کان ده یان قیژاند و له هه موو لاوه، له پیش و له پاش و له ته نیشت ئه و را، له توالیته کان را، له پلیکانه کان را، گیان له به ر ی تر به و په ری خیرایی یه وه به ره و ئاسانسوری کانگا ده رویشتن که ده چووه ناو جه رگی عه رزه وه. گیان له به ره کان کلاوی کانگایان به سه ره وه بوو، داکیشراو هه تا سه ر لووت. یه خه ی که واکه یان هه لدرابووه وه بو به ربه ره کانی له گه ل سه رمای مانگی ریبه ندان و چه ناگه و ملیان تییدا حه شارده دا. کریکاره کان وه ک له کونه میرووی هارووژاو را هاتبن، له گه ل سه رما و ته زوو به ره و ده روازه و سالونی ئاسانسوره کان گرول ده بوونه وه و ده پیچرانه وه. له سالونی گورینی لیباس، لیباسه کانی مالیان ده رده هینا؛ له پیچکه یه کیان داویشتن و به میچی سالونه که وه هه لده واسران. پیچکه لیباسه کان له ریزیکی دوور و دریژ، له به رانبه ر حه مامه ره ش هه لگه راو و هه لم تیپیچراوه کان، له حه وا دا ده خولانه وه. «پیتر» به خه یالی دا هات که ئه مه سمبولیکه له وه ی که ده بی یه کا و یه کی کریکاره کان به ر له دابه زینیان بو ناو جه رگی کانگاکه، هه رچی به له شیانه وه، ده ری بینن و به جیی بیلین. دواییش، پاش دوازده سه عات کاری دژی ئینسانی؛ دوای ئه وه ی که ئاره ق چوره چوری کرد؛

رژایە ناو چاو، سووتاندیە وە و توانای بینیایی  بری، دوای ئە وە ی چورایە سە ر مل و سینگ و پشتین و دوای ئە وە ی وەک جوگەلەیەک رژایە سەر ران و پشتی پی؛... ئەری تازە ئەو کات دەیانتوانی بە لەشی کوتراو و گیانی پر لە ئازارە وە پیچکە ی لیباسە کانیان داکیشنە خوار و بخزینە وە ناو خویانە وە . بە لام دە بوایە چە ن سە عاتیک تیپە ر بووایە تا شتیک بە نیوی ژین گە رابایە وە ناو لیباسە کان؛ ژینیک کە لە وانە بوو سە عاتیک دە وام بینی بە ر لە وە ی خە و بە  سە ر مروڤ دا زال بی و دووبارە  روژ بیتە وە و هە موو شتە کە سە ر لە نوی دووپات ببیتە وە. تە واوی مانگی یە کە م، «پیتر» هە ستی بە بیزاری یە کی وە ها دە کرد، کە ئە گە ر لە بە ر بی تاقە تی و ماندوویی نە بوایە، وازی هینابوو.

«پیتر» زوو بوی دە رکە وت کە باشترین هاوریکانی ئیتر لە سە رکار نە ماون، کە لە راستی دا، لیزانترین و ووشیارترین کریکارە کانیش بوون. رە نگە ئە مە ش ببووە هوی ئە وە کە دوو هیندە ی تر هە ست بە ماندوویی بکات. سە رە رای ئە مانە ش قاتی و دەست نەکەوتنی پیداویستی ژیان، روژ لە گەل روژ خراپتر دەبوو و رووحی ئینسانی دە هاری. تە نیا روژانی یە ک شە ممە چاوی بە «لوتتا» دە کە وت و فرسە تی ئە وە دە بوو تاویک لە گە ل یە ک قسە  بکە ن. لە روژە کانی کار دا، ماندوویی لە سە ر سفرە بە ری نە دە دا. ئە وسا نە هیزی بیرکردنە وە ی بوو نە قسە کردن.

روژی یە ک شە ممە یە. هە تاوی مانگی رە شە مە بە حال دە توانی دیواری دووکە ل ببری و خو بگە یینیتە ناو مالان و ئە و منالانە ی کە لە حە وشە کان دا کایە دە کە ن. ئە وە ی لە هە تاو لە ناو مال بە دی دە کری، تیشکیکی کزە کە لە پە نجرە را دیتە ژوور و دە کە ویتە سە ر روومیزی ئاشپە زخانە کە . «لوتتا» بە سە بە تە یە کە وە لە پەنا میزە کە دانیشتووە. رووبە رووی ئە و، «پیتر» لە سە ر تە ختە کە دانیشتووە. «پیتر» لە بە حری خویندنە وە ی روژنامەیە ک  دایە و لە راستی دا خە ریکی دوو کارە : لە لایە ک ئاگاداربوون لە باس و هە وال و لە لایە کی تریشە وە فیربوونی زمانی (ئالمانی). پیش نیوە رو کاتی کە لە کولونیە کە دا خە ریکی پیاسە کردن و هە واخوری بوو، تووشی «راینر» دە بی و روژنامە کە ش هە ر لە و وە ردە گری. «راینر» بە دیتنی دووبارە ی ئە و خوشحال ببوو؛ پیتریش هە روە ها لە وە  خوشحال بوو کە لانی کە م یە کیک لە هاوریکانی رابردووی، لە کانگا مابووە وە و نە ناردرابووە جە بهە ی شە ر. «راینر» بە پیکە نینە وە بوی باس کرد کە نە ناردرانی ئە و بو جە بهە ی شە ر بە هوی دوو شتە وە  بووە: یە کە م بە  هوی شارە زایی تایبە تی ئە و بە سە ر دریلیکی نوی و دووهە میش لە ترسی ئە وە ی کە بوونی «راینر» لە جە بهە ی شە ر دا لە وانە بوو رووحیە ی باقی سە ربازە کان تیک بشکینی. «راینر» ووتی کە تاویکی تر دی بو مالی «لوتتا» بو باس کردن سە بارە ت بە کوبوونە وە یە ک و لە وانە یە «هوبرت بورش»یش لە گە ل خوی بینی. «پیتر» بە بیستنی نیوی «هوبرت» کەمیک نیگەران بوو. کەوتەوە بیری گالتە جاری «هوبرت» لە کاتی مان گرتنە کە دا.

لە و روژە وە «پیتر» هاتووە تە وە، شتیک لە سە ر دلی «لوتتا» قورسایی دە کات. هە رچون بووبی دە بی ئە م بارە لە کول خوی بکاتەوە: بەلام تا ئیستا جەرگی ئەوەی نەبووە بیدرکینی. نیگای خیرای «لوتتا» لە سە بە تە کە تیدە پە ری و لە سەر «پیتر»ی دریژ و رووح لە بەردانەماو، دەگیرسیتەوە. «پیتر» روژنامەکەی لە سەر میزی ئاشپەزخانە بلاو کردووە تە وە سە ری خستووە تە نیو دە ستە کانی. بە هوی ئە و فشارە ی کە بو خوی دینی تا لە نووسراوە کە حالی ببی، برو رە شە کانی تیک هە لچوون و گنجیک کە وتووە تە ناوچاوانی و بە م جورە ئازار کیشانە کە ی ئاشکرا دە کا. لوتتا بە خوی دە لی: « پیاوی بیچارە؛ چت بە سە رنە هاتووە...».

«لوتتا» دە ست بە نیو سە بە تە کە  دا  دە گیری؛ نامە کە دیتە بە ر دە ستی، کە پیشتر خستبوویە ئە وی، تا ئە گە ر هاتبا و جە رگی بووایە  ئە مرو بیداتی. لوتتا گە رووی ساف دە کا:

ـ پیتر گیان، نازانم لە خە ما چونت پی بلیم، بە لام ئە م نامە یە بە هاری رابردوو گە رایە دووایە. خوم لام وایە کە دە بوو پیت بلیم.

«پیتر» کە لە دە نگی مە حزوونی لوتتا ترس دایگرتبوو، سە ری بە رز کردە وە . لوتتا نامە یە کی گنج تیکە وتوو دە داتە پیتر. ئە و نامە یە ی کە پیتر بە و  هە موو هە ست و سوزە و بە دە ردە سە ری زور بو « سیلیا»ی هاوسە ری نووسیبووی!

نامە کە ھە لپچرابوو، دووبارە چە سپ کرابووە وە و چە ندین موری لیدرابوون. ناوە روکی یەکیک لە مورە کان بریتی بوو لە :
« لە لایە ن دایرە ی پاشایە تی کونترولی نامە وە، کراوە تە وە ». یە کی تریان نووسرابوو: «بگە ریتە وە بو نیرە ر». ھە روە ھا زور رە قە م و ژمارە و دە سخە تی لە خوینرانە وە نە ھاتوو.

ــ ئە مە ئیتر مانای چیە ؟ بە ترسە وە سە یری لوتتا دە کا. کە وابی نامە کە ھە رگیز نە گە یشتووە تە دە س «سیلیا»؟ بە لام ئە مە وە حشتناکە ... یان رە نگە ھە ر باش بووبی کە نە گە یشت. لە زیندان شە و نە بوو کە بیر نە کاتە وە و ئازار نە بینی لە وە ی کە داخوا «سیلیا» بە دیتنی نامە کە چە ندە جنیوی پی دە دا کە وا ئە وانی بە جی ھیشتووە و ھیچ ھە والیکی لە خوی نەناردووە. دلخوشی خوی دایەوە کە « ھەر نەبی پارەکەیان پی گەیشتووە، بەلام... لە ناکاو لە جیی خوی رە ق ھە لگە را. بە خیرایە کی بی وینە نامە کە دە کاتە وە. ھە موو لاپە رە کانی نامە کە پر کراون لە موری جوراوجور؛ بە لام ھیچ ئاسە و اریک لە دوو ئە سکناسە پە نجا مارکی یە کان نە بوو. پیتر سە یری لوتتا دە کا و دە قیژینی:

ــ پوولە کە ! پوولە کە نە ماوە !

ــ بینە منیش سە یریکی بکە م.

لوتتا پاکە تی نامە کە لە دە ست پیتر دە ردینی و دە پیشکنی. نە خیر، ھیچ ئاسە واریک لە پوول نیە بە لام لە جیاتان بەرگیک کاغەزی تەسکی تیدایە کە لە سەری نووسراوە: « بە پیی پاراگرافی... ناردنە دەری پوول، دژی قانوونە و ھە ربویە ش ئە و پوولە ی کە لە پاکە تی نامە کە دایە، لە لایە ن دایرە ی گومرگە وە دە ستی بە سە ردا دە گیری»....

* «دیتەسیدرستراند» Ditte Cederstrand نووسە ری ژنی دانمارکی، سالی ۱۹۱۵ لە دایک بوو و یە کە م بە رھە می ئەدەبی خوی سالی ۱۹۵۳ پیشکەش کرد. «دیتتە» زیاتر بە ھوی زنجیرە رومانی «میژووی ھەرگیز پرسیار لینەکراوەکان» نیوی دەکرد و بوو بە خوشەویستی جەماوەریکی بەرین لە دانمارک. مەوزووعی ئەم زنجیرە رومانە، شەرایەتی ژیان و کاری چینی کریکار، بە تایبە ت لە ئالمان و دانمارک، لە سالە کانی ۱۹۰۰ دایە. رومانی «تو کوینده ری، کریکار»، لە باری میژووی رووداوە کانە وە، یە کە م کتیبی زنجیرە ی ناوبراوە . « دیتتە سیدرستراند» سالی ۱۹۷۹ «خە لاتی ئە دە بی نیکسو» ی Nexo-priset پیشکە ش کرا.

***

# دی موو کرا تی

دهوک _ که مال که ریم عبدالله

قه ره بالغی یه که، کلکی وشتر ده پچری. روژی حه شر چوونه، ئاوه هایه! هه رچه ند بیرم لی ده کرده وه چون ئه م دیواره ببرم، وره م ده رووخا. ئاپوراکه گیژی ده خوارد و له گه ل سوورانه وه دا، چه ند که سیک له ده رگاکه وه خویان ده ته پانده ژووره وه و له دواوه ش کومه لیک له سه ر شوسته که وه به رده بوونه وه سه ر جاده که و ده رمانه مل یه ک. وه کوو ئه وه ی هیچ نه بوویت، خویان ده ته کاند و له پاشه ل را تیهه لده چوونه وه.
دوای توزیک تیرامان بوم ده رکه وت که به هیلیکی راست، گه یشتن به مه خسه د مه حاله. چونکه ره تی چوونه ژووره وه ، له ئاپورایه ک که ده خولیته وه، بازنه یی یه. که واته به هیلیکی چه ماوه له قه برغه وه ده بی خومی پیدا بکه م. ده ست به جی له ته نک ترین شوینه وه خوم دا به ده م گیژه لووکه که وه و نوقم بووم. دواتر هه ر ئه وه نده ی ده مایه وه که کاتی گه یشتمه به رده م ده گا، ده ست و برد بم و خوم بته پینمه ژووره وه.
سووره که چاره که بازنه یه کی ته واو نه کردبوو، ده سته کانم له شیشی ده رگاکه گیر کرد. چون گیر کردنیک! ده تووت باوه شم به مه رقه دی غه وزدا کردووه. ئه وانه ی دواوه ش له تاوا که ده ستیان به ده رگاکه نه ده گه یشت، شان و مل و کراسه که میان راده کیشا. کومه لیک پشتی ده رگاکه یان گرتبوو و پالیان پیوه ده نا تاکو نه یکه ینه وه. له ناکاو درزیکی تیکه وت و خوم ته پانده ژووره وه. له ته کانی چوونه ژووره وه م دا، شیره له کراسه که م هه ستا. خوم له ژووره وه و ملیوانی کراسه که م له ده ره وه به ده ست یه کیکی تره وه له سه رچوپی بوو. به سه ر خوم دا نه هیناو سه رکه وتنی چوونه ژووره وه م به هیچ نه ده گوری یه وه. رووم وه رگیرا و به ره و هول ملم نا. به ده م ری وه خوم ریک خسته وه ده ستیکم به سه ر و قژم دا هینا و له ده رگای هول ئاودیو بووم. خه لکیکی که م له ژووره وه بوون، که چی له وه ی ده کرد له شوینی چول بگه رین. دامنابوو له ریزی یه که م دابنیشم. به لام که ته ماشام کرد، ریزه کانی یه که م و دووه م و سی یه م به نووسین دانیشتنیان له سه ر قه ده غه کرابوو. ئاره زووی دانیشتن له سه ر ریزه کانی پیشه وه وه کوو شه مشه کویره به ره و تاریکایی دواوه هه لکشا و تاریکایی هوله که خه ست تر بووه له چاوه کانم دا. ئیستا ئیتر نه ده توانم له و کوره ی که قه وله بگیری، قسه یه ک بکه م و نه له ته له فزیونیش ده رده چم. به کراسی بی ملیوانه وه، ملم راکیشا و له دوای دواوه له سه ر کورسیه ک هه لتووتام. نه گفتوگو و نه ته له فزیون؛ چه پله لیده و هه قت نه بیت.
ورده ورده هوله که پر بووه وه و ده رگای هاتنه ژووره وه ش داخرا. پاش توزیک، میوانه به ریزه کان له ریزی پیشه وه جیی خیوان گرت و به ریوه به ری کور، چووه پشت مایکروفون و پیشکه ش که ری کوریش له پشت میزه که وه لاپه ره کانی بلاوکرده وه و دانیشت. ئیتر ئیوه و ده قی ته واوی کوره که :
« ....
ئازیزان ... میوانه خوشه ویسته کان.
به خیرهاتنی هه موو لایه کتان ده که م. وانه ی ئه مرومان ده رباره ی چه مکی دیموکراتی یه. هه ر وه ک ده بینن ووشه که له چوار برگه هاتووه: دی _ موو _ کرا _ تی. ناواخنی فه لسه فی ئه م زاراوه یه ده گه ریته وه بو هه ل و مه رجی پر بایه خی ئه مروی جیهان. وه کوو ده زانن هیچ له هیچه وه نایه ته بوون و هه موو شتیک له شتیکی تره وه ده رده کیشری!

دی مـووکراتیش وه ک هـه مـوو شتیکی تر مـانای گشتی و تایبه تی خوی هه یه و ره نگ دانه وەی بوچوونه  گشتی یه کان له شته تـایبـه تـی یـه کان  دا خویان شاردوه ته وه و ئیمه ش ته نها بو تیگه یشتن ده بی پی یان هه لگرین، تاکوو گیران ده که ین و لییان ده کولینه وه .

ئازیزان... جاریکی تر به خیر بینه وه . ئیستاش ئیوه و مـامـوستای کور گیر(چه پله له ریزه کانی پیشه وه ده ستی پیکرد و به ره و دوا هـه لکشا). هیوادارم به هه ول و کوششی هه موان خشتیک له باله خانه ی بیر و بوچوون ده ربینن و به هیوای خشته کانی تریش فه رموون (هه مدیس چه پله ).

_ سوپاس... سوپاس (هه ستایه سه رپی، سه ری داگرت و دانیشته وه ) زور سوپاس بو تو و بو ئه وانیش (چه پله ).

له راستی دا، زورن ئـه‌و زاراوانـه‌ی کـه جیی مشت و مـرن و هیـن و منـهینـی زوریان لـه سـه‌ر ده‌کریت. هـه‌لبـه‌تـه، لـه واقیع دا، وا تیده گه م، به راشکاوی ده بی بلیم، ناکری هه موویان له یه ک کات دا بدرینه به ر ریژنه ی لیکولینه وه  و له تواناش دا نیه. بویه یه ک! یه ک! بویان داده نیشین. به و هیوایه ی له پاشه روژیکی نزیک دا بتوانین ته واوی ئه و زنجیره لیک بترازینین و یـه‌ک یـه‌ک، لیره و لـه‌وی، هـه‌لس وکـه‌وتی بابـه‌تیانـه‌یان لـه گـه ل دا بکـه ین. ئیستاش به یه ک له و زاراوانه ده ست پی ده که ین، ئه ویش: دی _ موو _ کرا _ تی  یه.

ئاشکرایـه لـه چوار برگـه پیک‌هـاتووه و بـه هـه‌ر چواریانه‌وه بربره‌ی پشتی زاراوه‌یه‌کیان پیک هیناوه. ئیستا ئیمه هه‌لده‌ستین به هـه‌لوه‌شاندنه‌وه‌ی تیئوری ئه‌و برگانـه و پاشان هـه‌ر یـه‌کـه و لـه شوینیک‌دا، لـه رووی عه مه لی یه وه جیگیریان ده که ین؛ تا کوو له رووی سیاسی یه وه ئارامی ببه خشن.

ئاماده بووانی به ریز... خوتان شاهیدن که زاراوه  ناوبراو چوار برگه یه. که س نکولی هه یه  له وه ی ووتم؟ (بیده نگی). که شتیکی هه یه بو خستنه سه ر؟ (غلبه غلب).... زور باشه، که واته ئیستا یه کسه ر ده چینه سه ر نه شته رگه ری بابه تیانه و زانستیانه ی برگه و ماناکان و یه کالا کردنه وه یان.

یه که م برگه : ( دی). دارا دوو داری دی. برگه ی (دی) له هه ر دوو شوینه که دا ئه مه  ده گه‌یه نی: له ریگه ی مه لبه ندی توربه ندی  چاوه وه ، وینه یه ک بو میشک ئاراسته ده کری و پروسه ی دیتن به ئه نجام ده گات. که س نکولی هه یه له م راستی یه  زانستیه؟ ئه گه ر شتیکتان هه یه بو خستنه سه ر؟ تکایه، (کورس، «زور راسته»). زور باشه، ئیستا ده چینه سه ر برگه ی دووه م (مـوو) واته: تووک، بو نموونه مووی لاچه نگ، موی بن بال، مووی هه موو شتیکی تر دوای برینه وه؛ ئای که شتیکی پیسه، تو خوا وانیه؟ (پیکه نین، «به ره وه لا، ده م خوش).

سوپاس، ئیستا به دلنیایی یه وه هه لده کوتینه سه ر برگه ی سی یه م (کرا)؛ فرمانی رابردوو و گوزاره ی (دی موو). بو نموونـه: دیم مـووی سـه‌ری کرا. بـه مـانایـه‌کی‌تر، دیم سـه‌ریان تاشی؛ یان سـه‌ریان بری. که س ره خنه ی هه یه؟ (غلبه غلب، پاشان بیده نگی). زور چاک. به بی زیان و له که ش و هه وایه کی _ دیم مووی کرا _ خه ریکه له کوتایی کوره که نزیـک ده‌بینـه‌وه. ده‌مینیتـه‌وه: (تـی) کـه برگـه‌ی چوارە‌مـی زاراوه‌کـه‌یـه. لـه بـه‌ر ئـه‌وه‌ی بـه تـه‌نـیا مـاوه‌تـه‌وه، هیچ حیسابیکی بو ناکه ین و له راستی دا دوای پروسه ی لیک ترازاندن، هیچ مانایه کیش نابه خشی. ده لین  چی؟

(_تووری ده )!

_ زور باشه. به هه ول و کوششی ئیوه و من توانیمان به سه ر یه کیک له سه خت ترین چه مکه میژووییه‌یه کان سه رکه وین؛ لـه‌وه ش زیـاتر، توانیمـان مـانایـه‌کی خومـالیشی پی ببـه‌جشین و چی‌تر پشت بـه زمانـه بیگانـه کان نه به ستین. به مه پاک سازیشمان کردووه و کوره هه ر مه پرسن شتی زورمان ئه نجام داوه!

_(پیکه نین)

_ ئیستا بـه سـه‌ر یـه‌کـه‌وه بـا بزانیـن چیمـان کردووه؟ دیم مـووی کرا. ئاشکرایـه بـو هـه مـوان، بـه تایبـه‌ت ئیوه‌ی ئازیز(ئیشاره تی کرد بو ریزه کانی پیشه وه )، که زاراوه دهبیت سووک بیت له ووتن دا و باشتره له ئه سله که شیه وه نزیک بیت. له به ر ئه وه  پیشنیهاد ده که م که دوا شیوه ی زاراوه که وه هابیت: فرمانی زاراو ه که، بدریته پال که سی سی یه می

نادیار؛ واته پیتی (م) له فرمانی (دیم) ده ربکری. هه روه ها پاشگری (ی)یش له ووشه ی (مووی) ده ربکریت و به م شیوه یه ی لی بی : (دی موو کرا)، تاکوو نه دیار بیت کی دیتی، نه مه علوومیش بیت کی ئاوه رووت کرا و پاشان کی بردی. ئه گه ر ووتیشیان، چون و که ی و بو چی و چی؟! ده لیین:

ـ خوا وه کیل دی موو کرا. ئیتر سوپاس. (چه پله، چه پله، چه پله)

(( ته واو.......... نه بووه!))

***

# گەڕانەوە بو سەر کار

وە رگیران و ئامادە کردنی ف. نازری

<u>پیشە کی</u>

سە بارە ت بە مانگرتنی کریکارانی کانگاکانی خە لووزی بریتانیا لە سالە کانی ٨٥ _ ١٩٨٤ کتیبی زور نوسراوە. یە کیک لەم کتیبانە "خوی لە سەر برین **A turn of the screw**" نوسراوەی مارتین والکر**M. Walker**. پاش تە واو بوونی مانگرتنە کە، مودیری "شریکە ی خە لووزی بریتانیا" لە دژی کریکارانی خە باتکار پیلانی زوری گیرا و زە خت و زوری خستنە سە ر. کتیبە کە باسی ئە و پیلان و زە خت و زورانە یە کە «مارتین» بە کە لک وە رگرتن لە بە سە رهاتی کریکارە کان، کردوویە تی بە کورتە چیروک.

«مارتین والکر» لە سالی ١٩٤٧ ی زایینی لە شاری منچستر لە دایک بوو و وە ک تە راحی گرافیک، خویندنی تە واو کرد. «مارتین» لە سالە کانی حە فتا دا، لە کەمپەین بو دیفاع لە زیندانیانیک کە پولیس بە دژیان پیلانی گیرابوو، بە شداری کرد. ئە مە بووە هوی ئاشنا بوونی لە گە ل قانونە جە نایی یە کان. «مارتین» لە کاتی مانگرتنە کە دا مشاوری حقوقی "یە کیە تی سە راسە ری کریکارانی کانگا" بوو. نووسە ر بو ئاشنا بوون لە گە ل شە راییتی کار و ژیان و خە باتی کریکارە کان، ٧ سال لە کانگاکانی خە لوزز کاری کردووە.

ئە م بە رهە مە کە دە یخویننە وە یە کیک لە چیروکە کانی کتیبی ناو براوە.

*************

سەعات چواری بەیانی، کاتی کە «مایک» **Mike** بە زە نگی سە عاتە کە لە خە و راپە ری، دوو فکر لە میشکی دا چەنگەبەری یەک بوون: یە کیان، دەمەقرەیەک بوو کە شەوی پیشتر لە باشگای(نە قابە) کریکارن دا لە گە ل باوکی بووی. باوکیشی وە کو خوی کریکاری گرووپی «فە یس» **Face** بوو. سالی ١٩٦٢ ئە و رە هە ندە ی کە ئە و کاری تیدا دە کرد رووخا و لە ژیر رە هە ندە رووخاوە کە دا حە بس بوو. ئە و پوولە ی کە "شریکە ی خە لووزی بریتانیا" وە کو غە رامە ت پیی دابوو، زور کە متر بوو لە وە ی کە دە بوو پیی بدرابا. باوکی پاش ئە و رووداوە و تیپە ربوونی تە مە ن، بریک تیک چوو بوو و بە د ئە خلاق ببوو.

دە مە قرە کە لە سە ر شتی ورد دە ستی پی کردبوو و لە ئاخریش دا باوکی، تاوانی هە رچی بە دبە ختی و بە لای دونیای خستبووە سە ر شانی رە ش پیستە کان.

فکرە کە ی تری سە بارە ت بە کار بوو. «مایک» لە وە ختی دیاری کراو دا نە گرابووە وە سە ر کار. لە جیاتان دوو روژ لە مال بوی دانیشتبو و هە ولی دابوو کە ئیحساس و هە ستی بە رامبە ر بە مانگرتنە کە جە م و جورکا. بە ر لە مانگرتنە کە، «مایک» لە و شوینە ی کانگا دا کاری دە کرد کە بو تە قاندنە وە نە دە بوو. ئە و روژانە ی دە هاتە وە بیر کە لە سە ر زگ دە رویشت و بە قولنگی تایبە تی، دە کە وتە گیانی شاخە کان و تیکە لاویک لە ئارە قە و توزی خە لوز، گیانی دادە گرت. تە نانە ت پریشکی وردە بە ردی تیژ، ماندوویە تی بالە کانی و گە رمای هە وای هە ست پی دە کرد. بە ر لە وە ی بخە ویتە وە، پە تووە کە ی لە سە ر خوی لادا. ترس لە کار، زال ببوو بە سە ری دا.

«مایک» لیوانی چایە کە ی خواردە وە؛ دوو ساندویچە کانی (بابولە نان) لە یە خچال هینانەدە ر و کە وتە ری. هە وا تاریک بوو. باران دە باری و «مایک» تە نیا ریبواری شە قامە کە بوو. کە گە یشتە شە قامی ئە سلی، دوو کریکاری کانگای دی کە سە ریان خستبووە قولایی یە خە ی پالتوکە یان.

هه ر دووكیان بو "روژ باش" ووتن به «مایک»، سه ریان له بالتوكانیان ده رهینا و بردیانه وه  ناوه وه . ئوتوبووسه كه هات. جمه ی ده هات! ده نگ له هیچ كه سه وه نه ده هات؛ یان له فكر رو چووبوون یان به هوی ماندوویه تی و بی خه وی یه وه نه وزیان ده دا.

«مایک» له شازده سالی یه وه، دوو روژ دوای ته واو كردنی مه دره سه، ببوو به كریكاری كانگا و تا ئیستا كه سی و دوو سال له ژیانی تیپه ر ببوو، له شاروچكه كه ی خویان به ولاوه تر نه چوو بوو. هاو سه ره كه شی هه روا. دوو منالیان هه بوو، یه كیان دوو سالان و ئه وی تریان شش مانگان. «مایک» ئه ندامی كومیته ی لقیكی یه كیه تی كریكاران و سكرتیری (welfare) «ئاسایشی كومه لایه تی» بوو. كاری له كوتایی نه هاتوو و سه خت، شاره زایی یه كی ته واوی پی به خشی بوو. هه ر وه ها به باشی شاره زایی به سه ر مافی كریكارانه وه  بوو و پاریزگاری لی ده كردن. هه ر به و بونه وه ش وه ك ئه ندامی كومیته ی لقی "یه كیه تی كریكاران"ه وه هه لبژیردرا بوو.

كه پی ی نایه نیو كانگا، بونیكی ئاشنای پی گه یشت و هاو كات ده نگیكی ئاشناشی بیست:

ـ"توش هه ر به وه گه یشتی كه بییته وه سه ر كار. وانییه  مایک؟!"

**یوتز Bones** بوو كه به پیكه نینه وه قسه ی ده كرد. «مایک»یش به پیكه نینه وه جوابی دایه وه و چووه ناو ریزی باقی كریكاره كان له به رده م وه تاقی كونترول دا. ١٢٠٠ ژماره به قولاپه وه هه لواسرابوون. هیشتا «مایک» ژماره كه ی خوی نه ووتبوو كه خستیانه ناو ده ستی. به ره و شوینی كوبوونه وه ی گرووپی «فه یس» كه وته ری. هه ر سی و شه ش هاوری كه ی، هه موویان له وی بوون و به دیتنی ئه و كردیانه چه پله ریزان و هه را. ئه مجار به یه كه وه رویشتن كه وه سائیله كانیان وه رگرن: كلاو خوود به چراكه یه وه، قولنگی ده سک كورت، عه ینه ک، كه مه ر به ند و چرایه ک كه پییه وه هه لده واسری. كاتیک هه موویانی تاقی كرده وه، له گه ل باقی هاوری یان به ره و قوولایی ٩٢٠ میتری زه وی كه وتنه ری. كاتی كه به ره و ئاسانسوره كه ریكه وتن، ده ده قه ی مابوو بو شه شی به یانی. له سه ر ریگا، یه كیک له مودیره كانی ژیرووی دیت كه چه پ چه پ سه یری ئه وی ده كرد. لای خوی ووتی: "هیندی شت دوای مانگرتنه كه گوراون." چوونه ناو ئاسانسوره كه . جیی نه فه س كیشان نه بوو. گه رچی سه فه ره كه یان به ئاسانسوره كه زیاتر له دوو ده قه ی نه خایاند، ئیسقانه كانی كه وتنه ژان. كه دابه زین، به رپرسی گرووپه كه كه سه كانی ژمارد و به ریز به ره و شوینی كاره كه یان كه وتنه ری. گرووپه كانی تریش هه ر وه ها.

بریک له شوینه كان زور گه رم و بریكیان زور سارد بوون. دریله گه وره كان و ده زگای هه لمژینه ره كان كه ده خرانه كار، ته ختی كانگاكه  ده له رزی و گوی ده كه وته ناله نال. گرووپی «فه یس» له  دالانیكی زور سارد تیپه رین تا گه یشتنه شوینی كاره كه یان كه ته واو گه رم و خه فه بوو. له شی سارده وه بوو، كوت وپر هه ستی به گه رمایه كی زور كرد. میچی دالانه كه لیره ته نیا یه ک میتر به رز بوو. دالانه كه  دوایی خوی دابه ش ده بوو به چه ند ره هه نی چكوله تر. هه ر گرووپیک له كریكاره كانیش لیره  دا دابه ش ده بوون به سه ر چه ند تیم.

«مایک» و تیمه كه ی بو ئه وه ی بگه نه شوینی كاره كه یان، ده بوو ٢٠٠ متر له سه ر زگ برون. «مایک» كه وته پیش و هه ر ماوه ی جاریک راده وه ستا و میچه كه ی تاقی ده كرده وه. پاش دوو سه د میتر گه یشته ئه و ده رووه ی كه پار خوی دریبووی. لیره ش  میچه كه ی تاقی كرده وه؛ كه دلنیا بوو، به چرا ده ستیه كه ی ئیشاره ی به باقی هاورییانی تیمه كه ی كرد كه "وه رن!". دوای ئه وه ی كه نووكی قولنگه كه ی، چه ن جار سینگی سه ختی شاخه كه ی دری، ئاره ق به له شی دا هاته خوار. «مایک» كراسه كی ده رهینا و هیرشی برده وه سه ر به ردی خه لووز. توزی خه لووز، كه ده زگا هه لمژینه ره كان نه یان ده توانی هه مووی هه لمژن، له گه ل ئاره قه تیكلاو ببوو. ئاره قه و توزی خه لووزی له سه ر له ش نیشتوو، وه ک ده ماری ورد به سه ر له ش دا ده چورایه خوار. ده ماره كان هه ر ده هاتن و گه وره و گه وره تر ده بوون. ورده ورده ژان له ده ست و مه چه ک و پشتی دا خوی نواند.

كاتیک ده ستیان له كار هه لگرت و بو نان خواردن دانیشتن، «مایک» هه ستی به بونیكی پیس كرد. قسه ی بابه

گەورەی هاتەوە یاد: "هیچ حەیوانیک لەو شوینەی کە کار دەکا و نان دەخوا، دەس بە ئاو ناگەیەنی." هیشتا ساندویجە کە ی تە واو نە کرد بوو کە یە کیک لە و سە ری رە هە ندە کە وە قیراندی:

ـ "مایک، مودیر بانگی کردووی بو دەفتەر." لە تاریکو روونی نووری چراکان و توزی رە شی خە لووز دا، نیگاکان بە رە و «مایک» وە رسووران . «بونز» ووتی:

ـ "نارەحەت مەبە جەوان! حەتمەن دەیانەوی بە هوی ئەو زەحمەتانەوە کە لە م جە هە ننە مە دا کیشاوتە، میدالت بدە نی."

لە قسەکانی دا هەست بە هاودەردی و تووڕەیی دەکرا. لە ریگای دەفتەردا، مایک بیری کردە وە کە رە نگە ئە مە ئاخرین جاری بی لە شوینیک کار بکا کە جیگە ی نان خواردن و دە س بە ئاو گە یاندنی یە کیک بی.

دوانیوە روی ئە و روژە، «مایک» بە بیانووی ئە وە ی کە لە کاتی مانگرتنە کە دا، لە گە ل پولیس دە ستە و یە خە بووە، لە سەر کار دەرکرا. کاتیک کەلە کانگا دەرویشتە دەر، قین و تووڕەییەکی لە گە ل خوی کیش دە کرد کە لە کاتی مانگرتنە کە دا، لە گیانی دا ریشە ی کوتابوو و چروی دابوو.

***

# کاریکاتیر

(هونه رمه ندی ئه م ژماره یه )

ـ ریناس
ـ سالی ۱۹۷۲ له شاری سلیمانی له دایک بووه.
ـ کالجی ته ربیه ی له زانکوی سه لاحه دین ته واو کردووه.
ـ ئه ندامی مه لبه دی هونه ر و ئه ده بی کریکاری یه .
ـ سالی ۱۹۹۴ له یه که مین پیشانگای کاریکاتیری «مه لبه ند» له سلیمانی به شداری کرد.
ـ سالی ۱۹۹۵ به شداری کرد له دووهه مین پیشانگای «مه لبه ند» له شاره کانی سلیمانی، هه ولیر، دیانه، کوی یه و قه لادزه.
ـ به شداری له فستیوالی ئه یار له سالی ۱۹۹۵ و ۹٦.
ـ یه که م پیشانگای کاریکاتیری تایبه ت به خوی له سالی ۱۹۹۴ له که لار کرده وه .

***

# فستیوالی ئەدەبی و هونەری ئەیار

مەلبەندی هونەر و ئەدەبی کریکاری لە کوردستانی عیراق، ئەمسال بو جاری دووهەم فستیوالی ئە یاری لە شاری سلیمانی ساز کرد. لەم فستیوالە دا، کوری شیعر، کوری ئەدەبی و سیاسی و پیشانگای جوراوجور پیشکە ش کران. سە رجە می بە رنامە کانی ئە م فستیوالە کە لە روژی ٢٤_٤_١٩٩٦ دە ستی پیکرد و لە روژی ٢ی ئە یار دا کوتایی پی هات، بریتی بوون لە :

* روژی ٢٤_٤_٩٦. یەکەمین روژی فستیوال. کردنەوەی فستیوال و کوریکی شیعری بو شاعیران شوان محمد . کاوە احمد . صالح حسین . کوردە وان محمد . علی پینجوینی، هە روە ها میوانی کور شاعیر (عیرفان احمد). کورە کە سە عات ٥ ی ئیوارە لە هولی ژووری بازرگانی پیشکە ش کرا و نزیکە ی ٢٠٠ کە س بە شداری تیدا کرد.

* ٢٥_٤_٩٦. کوریکی فکری روشنبیری بو (رزگار حمە رشید) لە ژیر ناوی «کوتایی میژوو یان شکستی ئەنتی مارکسیزم» سە عات ٥ ی ئیوارە لە هولی ژووری بازرگانی پیشکە ش کرا و زیاتر لە ٣٠٠ کە س ئامادە بوون.

* ٢٦_٤_٩٦. کردنەوەی پیشانگای کاریکاتیری هاوبەشی (پەیمان . شوکاک . سەردار . ریناس . داستان) لە لا دیواری سە هولە کە، لە سە ر شە قامی سالم.

* ٢٧_٤_٩٦. کردنە وە ی پیشانگای شیوە کاری هاوبە ش ی (عمر دە رویش . سمکو احمد . سە رکار . دلیر . بورهان . احمد سە رسام . فە رە یدون) لە هولی هونە ری کلات، لە جادە ی سالم، بە رانبە ر بە دیواری لای سە هولە کە .

* ٢٨_٤_٩٦. کردنەوەی پیشانگای فوتوگرافی تایبەت بو (جبار محمد) لە لای دیواری سەهولەکە . ئەو سی پیشانگایە هەتا ٣٠ مانگ دریژەی هەبوو. شایانی باسە کە ٣ روژ لە و روژانە ریکە وتی جە ژنی قوربانی کرد، واتە روژە کانی (٢٨_٢٩_٣٠) کە پشووی رە سمی بوو و خە لکیکی زور ئامادە ی ئە و سی پیشانگایە بوون. خو بە خو جادە ی سە هولە کە لە روژانی پشووی رە سمی دا زور قە رە بالغە و بە حوکمی ئە وە ی کە هە ر سی پیشانگاکە لە یە ک نزیک بوون و ریکەوتی ئەو سەرجادەیان کردووە، ژمارەی بینەرانی ئەو سی پیشانگایە مەزە ندە دە کریت بە زیاتر لە ٣٠٠٠٠ کەس، وەک لانی کەم. تەنانەت ئەدیب و هونەرمەندە باوەکان و تەواوی ئەحزاب و لایەنەکان سەرسامی ئەم خوپیشاندانە ئە دە بی و هونە ری یە بوون.

* لە روژی یە کی ئە یار دا لە شاری قە لادزی لە کاتیک دا لە لایە ن چە ند هاوری ی مە لبە ندە وە خە ریکی هە لواسینی پیشانگای کاریکاتیری بوون لە ناوە ندی شار، لە لایە ن (ئاسایش) ی قە لادزی وە پە لاماری پیشانگاکە یان دا و هە ر دوو هاوریکەیان دەسگیر کردن کە پاش چەند سەعات ئازاد کران. بەلام پیشانگاکە لە ٧ی ئە یار دا، لە ژیر فشاریکی توند دا ئازاد کرایەوە؛ ئەگەر چی چەند دانەیان لی دراندبوون. لە ٨ی ئەیار، لە ناوە ندی شار دا جاریکی تر نمایش کرایە وە و نزیکە ی ٢٠٠٠ کە س، پیشانگاکە یان دی.

***